# گرێبەستی کۆمەڵایەتی
# بۆ بەڕێوەبەری خۆسەری دیموکراسی
# هەرێمی باکور و ڕۆژهەڵاتی سوریا
# (بارۆس)

**٢٠٢٣-١٢-١٢**



# گرێبەستی کۆمەڵایەتی بۆ بەڕێوەبەری خۆسەری دیموکراسی هەرێمی باکور و ڕۆژهەڵاتی سوریا (بارۆس)

**دەستپێک**

ئێمە - کچ و کورانی باکور و ڕۆژهەڵاتی سوریا - لە پێناو بەهاکانی شەهیدەکانمان، و لە وەڵامی داواکاری گەلانمان بۆ ئەوەی بە کەرامەتەوە بژین، هۆشیاری و باوەڕمان لە وەڵامی ئەو قوربانییە مەزنانەی کە سورییەکان داویانە، پێکەوە کۆبووینەوە: کورد، عەرەب، ئاشووری سریانی، تورکمان، ئەرمەنی، چەرکەسی، چیچان و موسڵمان و مەسیحی و ئێزیدی، بۆ دامەزراندنی سیستەمێکی دیموکراسی لە باکور و ڕۆژهەڵاتی سوریا بۆئاواکردنی بناغەی دامەزراوەیەک بۆ ئایندەی سوریایەکی بەبێ مەیلی ڕەگەزپەرستی، جیاکاری، دوورخستنەوە، یان پەراوێزخستنی هیچ ناسنامەیەک.

ئێمە پێکەوە بەرهنگاری هەموو جۆرە ستەملارییەک و بەکافرکردن و توندڕۆیی بوینەوە، هەمووده‌مارگرژییەکی نەتەوەیی و ئاینیی و ڕەگەزی و سیکولاریمان ڕەتکردەوە، پشتمان بە پرینسیپەکانی نەتەوەی دیموکرات بەست بۆ پتەوکردنی یەکێتی نەتەوەییمان و هێزی پێبەخشین لە هەمبەر دوژمنانمان و بوینە هیوایەک بۆ دۆستەکانمان.

ئێمە گەلانی باکور و ڕۆژهەڵاتی سوریا، دووچاری ئازار بووین بەدەست ڕژێمە نادیموکراتیە یەک لە دوای یەکەکان لە سوریا، بەدەست سیاسەتەکانی هەزاران ساڵەی ناوەندگەرایی دەولەت و پاوانخوازی و هەروەها بەدەست پراکتیکەکانی مۆدێرنیتە سەرمایەدارییەکانەوە کە زاڵن بەسەر ناوچەکەدا و،ڕووبەرووی هەموو جۆرە نادادپەروەری و ستەمێک لە ماوەی چەندین ساڵدا هاتووین. ئێمە بریارماندا‌وە لە میانی دامەزراندنی سیستەمێکی دیموکراسی لەسەر بنەمای خۆبەڕێوەبردنی دیموکراسی وگەیشتن بە دادپەروەری و یەکسانی لە نێوان هەموو گەلان و پێکهاتەکاندا بێت، کە تییدا پاراستنی هەموو شوناسە کولتووری و ئایینی و ئایدیۆلۆژییەکان، بڵاوکردنەوەی کولتووری فرەرەنگی و لێبوردەیی، ڕەتکردنەوەی هەموو جۆرەکانی توندوتیژی دەستبەربکات و، پرەنسیپی پاراستنی ڕەوا وەک بنەمایەکی ریشەیی وەربگیرێت.

ئەو شۆڕشە کۆمەڵایەتییەی کە بە سەرکردایەتی ژنان لە باکور و ڕۆژهەڵاتی سوریا بەدیهات، ڕێگەی بۆ ڕێنێسانسێکی فیکری و کۆمەڵایەتی کردەوە و ژنیش بوو بە پایەی بنەڕەتی سیستەمی دیموکراتی ئێمە. تێکۆشان و قوربانیدانی لاوانیش بووە هۆی چەسپاندن و پتەوکردنی ڕۆڵی خوشک وبرایەتی گەلان(اخوة الشعوب) لە نێوان هەموو پێکهاتەکاندا.

بەڕێوەبەری خۆسەری دیموکراسی کە بە ئیرادەی گەل بەدەست هات، پشت بە کۆمەڵگەیەکی دیموکراتی ژینگەیی، هاوسەرۆکایەتی، ئابووری کۆمەڵایەتی، دادپەروەری کۆمەڵایەتی و پرەنسیپی کۆنفیدراسیۆنی دیموکراتی، دەبەستێت.

بەڕێوەبەری خۆسەری دیموکراسی باکور و ڕۆژهەڵاتی سوریا بەشێکی دانەبڕاوە لە سوریا. بەو سیستەمە دیموکراسییەی کە دایمەزراند و بەها هاوبەشەکانی ئافراند و ئەو هەڵوێستە سیاسیانەی لە ساڵانی ڕابردوودا دەریخست، زەمینەی بەهێزی بۆ یەککگرتوویی ڕاستەقینە پێکهێنا و، تا بەم شێوەیە ببێت بە بنەما بۆ بنیاتنانی کۆماری دیموکراسی سوریا.

ئێمە گەلانی باکور و ڕۆژهەڵاتی سوریا بە هەموو پێکهاتەکان و مەزهەبەکانیەوە بریارماندا، بە ئازادی و هەڵبژاردنی تەواوەوە، ئەم گرێبەستە کۆمەڵایەتییە بنوسین کە پستبەستووە بە سیستەمی بەهاکان و میراتی کولتووری دیموکراتی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و مرۆڤایەتییەوە، کە بەهۆیە ئێمە لەو باوەڕەداین، ئەمە دەبێتە گەرەنتی ئازادی و ئاشتی و یەکێتی لە نێوان سورییەکان.

## دەروازەی یەکەم

**بنەما سەرەکیەکان(گشتییەکان).**

مادە- ١

ئەم گرێبەستە گرێبەستێکی کۆمەڵایەتیە بۆ دەڤەرەکانی بەڕێوەبەری خۆسەری دیموکراتی لە باکور و ڕۆژهەڵاتی سوریایە و، دیباجەکەی کرۆکی ئەم گرێبەستەیە و لێی جیا ناکرێتەوە.

مادە - ٢

بەڕێوەبەری خۆسەری دیموکراتی لە باکور و ڕۆژهەڵاتی سوریا پشت دەبەستێت بە سیستەمی: دیموکراتی ، ژینگەیی، وکۆمەڵگەیی و، ئازادی ژن.

مادە - ٣

بەڕێوەبەری خۆسەری دیموکراتی لە باکور و ڕۆژهەڵاتی سوریا پەرە بە ئاکاری کۆمەڵگای سیاسی دەدات، ئەویش لە سەر بنەمای مۆدرێنێتەی دیموکراتی لەهەمبەر مۆدرێنێتەی سەرمایەداریی.

ماده -٤
بەڕێوەبەری خۆسەری دیموکراتی لە باکور و ڕۆژهەڵاتی سوریا ڕەوابوونی (شەرعیەت) خۆی لە ویستی گەلان و گروپەکانەوە وەردەگرێ لەسەر بنەمای بەشداری ئازاد و یەکسان و، ئەم ڕەوابوونە وەردەگرێت لە ڕێگەی هەڵبژاردنی دیموکراتیانە.

ماده - ٥
بەڕێوەبەری خۆسەری دیموکراتی لە باکور و ڕۆژهەڵاتی سوریا بەشێکە لە کۆماری سوریایی دیموکراتی.

ماده - ٦
تەواوی ئەو زمانانەی کە لە سنوری جوگرافیایی باکور و ڕۆژهەڵاتی سوریا بوونیان هەیە لە تەواوی بوارەکانی ژیانی کۆمەڵایەتی و زانین و ڕۆشبیریدا یەکسانن، وە هەموو گەل و گروپێک مافی خۆیانە کە بەزمانی دایکی خۆیان کاروباری ژیانیان ڕێکبخەن.

ماده-٧
زمانەکانی عەرەبی و کوردی و سریانی سێ زمانی فەرمین لە ناوچەکانی بەڕێوەبەری خۆسەری دیموکراتی لە باکور و ڕۆژهەڵاتی سوریا.

ماده - ٨
بەڕێوەبەری خۆسەری دیموکراتی لە باکور و ڕۆژهەڵاتی سوریا ناوەندی خۆی هەیە و لە تەنیشت ئاڵای کۆماری سوریایی دیموکراتدا ئاڵای تایبەت بەخۆی هەڵدەکات، و، دورشمی خۆی دەبێت و، بەیاسا ڕێکی دەخات.

ماده -٩
بەڕێوەبەری خۆسەری دیموکراتی لە باکور و ڕۆژهەڵاتی سوریا پشت دەبەستێت بە بنەمای سەربەخۆیی دەسەڵاتی دادوەری.

ماده - ١٠
**سویندخواردن**
سوێند بێت بە خودای گەورە، وە بەڵێن بێت بە شەهیدەکانمان، پابەندی گرێبەستی کۆمەڵایەتی و مادەکانی دەبم و پارێزگاری دەکەم لە مافە دیموکراتیەکانی گەلان و بنەما بەرزەکانی شەهیدان، هەروەها پارێزگاری دەکەم لە ئازادی و سەلامەتی و ئارامی ناوچەکانی قەوارەی بەڕێوەبەری خۆسەری دیموکراتی لە باکور و ڕۆژهەڵاتی سوریا و لە ناوچەکانی کۆماری سوریایی دیموکراتی، و، کار دەکەم لە پێناو بەدیهێنانی ژیانێکی ئارام و ئازاد و دابینکردنی دادپەروەری کۆمەڵایەتی لەسەر بنەمای گەلێکی دیموکراتی.

ماده - ١١
بەڕێوەبەری خۆسەری دیموکراتی لە باکور و ڕۆژهەڵاتی سوریا پێک دێت لە کۆمەڵێک یەکەی کارگێڕی بونیاتنراو لەسەر بنەمای دیموکراتی ناوچەیی و پشت بەستوو بە سیستەمێکی دیموکراتی کە لە ڕێکخستنەکانی کۆنفیدراڵی دیموکراتیەوە بۆ گروپەکان و پێکهاتە کۆمەڵایەتیەکان، بە بنەما وەردەگیرێت.

ماده - ١٢
بەڕێوەبەری خۆسەری دیموکراتی لە باکور و ڕۆژهەڵاتی سوریا پشت دەبەستێت بە کۆمەڵگەیەکی ڕێکخراوی دیموکراتیانە و تاکی ئازاد، وە ڕێکخستنی تایبەت بە ناوچەکان دادەنێت بۆ ئەو نەتەوە و گروپ و پێکهاتانەی کە تیایدا دەژین، ئەمەش بەپێی بنەماکانی دیموکراتیەتی ڕاستەوخۆ.

ماده - ١٣
ئەو بڕیارانەی کە ڕاستەوخۆ پەیوەندیدارن بە پێکهاتەکانەوە، ئەوە دەبێت لەسەر بناغەی سازان بێت.

مادە - ١٤
ژیانی دیموکراتیانەی ئیکۆلۆژیی و کۆمەڵگەیی وەک بنەما وەربگیرێت و، کارکردن لە پێناو بنیاتنانی کۆمەڵگەیەکی دیموکراتانەی ئیکۆلۆژیی و رێگری کردن لە هەڵسوکەوتی نارەوای تێکدەرانە و تالانکارانە دژبە سروشت.

مادە - ١٥
چەسپاندنی بەهاکانی پێکەوەژیان بەپێی بنەماکانی نەتەوەی دیموکرات پڕ لە گیانی برایەتی لە نێوان تەواوی گەلان و گروپەکانی ناو بەڕێوەبەری خۆسەری دیموکراتی لە باکور و ڕۆژهەلاتی سوریا، ئەمەش لە چوارچێوەی سیستەمێکی دیموکراتانەی ئازاد و دادپەروەر.

مادە - ١٦
بەڕێوەبەری خۆسەری دیموکراتی لە باکور و ڕۆژهەلاتی سوریا مافەکانی گەلی کورد دەپارێزێت لەسەرجەم ڕووەکانی؛ سیاسەت، ئابوری ، ڕۆشنبیری. وە تایبەتمەندییە مێژووییەکان و سروشتی ڕاستەقینەی دیمۆگرافیایی ناوچە کوردیەکان دەپارێزێت.

مادە - ١٧
بەڕێوەبەری خۆسەری دیموکراتی لە باکور و ڕۆژهەلاتی سوریا مافی گەلانی ئاشوری و سریانی دەپارێزێت لە ڕووەکانی؛ سیاسی ، ئابوری ، ڕۆشنبیری. وە پارێزگاری دەکات لە هەبوونی مێژوییان و ڕێگری دەکات لەهەر جۆرە گۆڕانکاریەکی دیموگرافیانە لەناوچەکانیان، ئەمەش لەسەر بنەمای دادپەروەری نوێنەرایەتیکردنی خۆیی و بنەمای سازان.

مادە - ١٨
بەڕێوەبەری خۆسەری دیموکراتی، پشت بە پرینسیپەکانی ئابوری کۆلێکتیڤ(کۆمەڵگەیی) دەبەستێت بۆ دامەزراندنی سیستەمی خودکیفایەتی و گەشەی بەردەوام و هاوسەنگ،

مادە - ١٩
بەڕێوەبەری خۆسەری دیموکراتی لە باکور و ڕۆژهەلاتی سوریا گەشە دەدات بە ئابوری کۆمەلایەتی بۆ ژنان و دژایەتی هەموو جۆرە بەکالاکردنێکی ژنان و بەکارهێنانیان دەکات.

مادە -٢٠
سامان و کانزا سروشتیەکان هی کۆمەڵگان، بەرهەمهێنان و بەکارهێنانیان بەپێی پێویستیەکانی دەبێت لەکانتۆنەکان وبەشێوەیەکی دادپەروەرانە دەبێت و، ئەم بابەتەش بەیاسا ڕێکدەخرێت.

مادە - ٢١
گەشەپێدانی دڵنیایی تەندروسی بۆ هەموو تاکەکانی کۆمەڵگا، وە خزمەتگوزارییە تەندورستیە گشتییەکان بەبێ بەرامبەر دەبن.

مادە - ٢٢
ڕێگریکردن لە قۆرخکاری لە بوارەکانی فێرکردن و تەندروستی.

مادە - ٢٣
گیانبەختکردن(شەهید) بەهایەکی پیرۆزی هەیە و بەڕێوەبەری خۆسەری لە پێناو ژیانێکی شەرەفمەندانە چاودێری پێویست دابین دەکا بۆ مالباتی شەهیدان و بریندار و بەدیلگیراوانی شەڕ.

مادەی ٢٤

بەڕێوەبەری خۆسەری دیموکراتی باکور و ڕۆژهەڵاتی سوریا، سیستمی سەرۆکایەتی هاوبەش لە هەموو بوارەکانی سیاسی و کۆمەڵایەتی و بەڕێوەبردن و بوارەکانی تردا پەسەند دەکات و، بە پرەنسیپێکی بنەڕەتی لە نوێنەرایەتی یەکسانی نێوان هەردوو ڕەگەزدا دەزانێت و، بەشداری دەکات لە ڕێکخستن وجێگیرکردنی سیستەمی کۆنفیدراڵی دیموکراتی بۆ ژنان وەک قەوارەیەکی تایبەت بە خۆیان.

مادەی ٢٥

دەستەبەرکردنی ئازادی و مافەکانی ژنان لە کۆمەڵگا و یەکسانی  نێوان هەردوو ڕەگەز.خاوەنداریێتی.

مادەی ٢٦

ژنان  خاوەن ئیرادەی ئازادی خۆیان دەبن لە خێزانی دیموکراسی، کە لەسەر بنەمای ژیانی هاوبەشی جیاواز دامەزراون.

مادەی ٢٧

پاراستنی ژیانی ژینگەیی و ئیکۆسیستەم ئەرکێکە بۆ هاوولاتی و کۆمەڵگا و هەموو ڕێکخراو و دامەزراوەکان.

مادەی ٢٨

گەنج هێزی کاریگەر و پێشەنگە لە کۆمەڵگادا، بە تایبەتی خۆی لە هەموو چالاکییە کۆمەڵایەتییەکان ڕێکدەخات، و بە ئیرادەی ئازاد و بەهێزی ڕێکخراویی خۆی، بەشداری لە هەموو بوارەکانی ژیاندا دەکات.

مادەی ٢٩

نوێنەرایەتی دادپەروەرانەی هەموو پێکهاتەکان لە دامەزراوەکانی بەڕێوەبەری خۆسەری دیموکراتیدا بەگوێرەی دیمۆگرافیای کانتۆنەکان.

مادەی ٣٠

بەرگریکردن لە خۆ لە بەرامبەر هەر مەترسییەکی دەرەکی یان ناوخۆیی مافێکی ڕەوایە و ئەرکە لەسەر تاک و گروپەکان کە لە ژێر سایەی بەڕێوەبەری خۆسەری دیموکراتیدا دەژین، لە ئەگەری هێرشکردنە سەریان، بەرگری لە خۆیان بکەن و کەرامەتی خۆیان بپارێزن.

مادەی ٣١

هاولاتی لە بەڕێوەبەری خۆسەری دیموکراسیدا تاکێکی ئازادە و خاوەن بەهای ئەخلاقی و دیموکراسیە و، مافی بەشداریکردنی لە زیاتر لە کۆمۆنێکدا هەیە.

مادەی ٣٢

پاشماوە مێژووییەکان و شوێنەوارەکان و میراتە کولتورییەکانی گەلانی باکور و ڕۆژهەلاتی سوریا میراتێکی نەتەوەیین، دەبێت هەموو تاک و کۆمەڵگا بپارێزرێت.

مادەی ٣٣

هیچ تاوانێک و هیچ سزایەک بوونی نییە ئەگەر بە دەقی یاسایی نەبێت.

مادەی ٣٤

تۆمەتبار بێتاوانە تا ئەو کاتەی بە بڕیاری کۆتایی تاوانەکەی دەسەلێنرێت.

مادەی ٣٥

هیچ باج و ڕسوماتێک نییە تەنها بە یاسا دەبێت.

مادەی ٣٦

بەڕێوەبەری خۆسەری دیموکراتیک لە باکور و ڕۆژهەلاتی سوریا پابەندە بە ڕزگارکردنی ناوچە داگیرکراوەکان و گەڕاندنەوەی خەڵکەکەی بۆ ناوچەکانی خۆیان.

## دەروازەی دووەم

## ماف و ئازادییە بنەڕەتییەکان

مادەی ٣٧

بەڕێوەبەری خۆسەری دیموکراتی باکور و ڕۆژهەڵاتی سوریا پابەند دەبێت بە جاڕنامەی گەردوونی مافی مرۆڤ و هەموو ڕێسا پەیوەندیدارەکانی مافی مرۆڤ.

مادەی ٣٨

مافی ژیان مافێکی بنچینەیی و پارێزراوە. سزای لەسێدارەدان ڕێگەپێدراو نییە.

مادەی ٣٩

کەرامەتی مرۆڤ پارێزراوە، و نابێت کەس لە ڕووی دەروونی و جەستەییەوە ئەشکەنجە بدرێت، بکەرەکەشی بە پێی یاسا سزا دەدرێت.

مادەی ٤٠

هەموو مرۆڤێک، ئازادی باوەڕ و ویژدان و بیرکردنەوە و بۆچوونی هەیە.

مادەی ٤١

ئایینی ئێزیدی خۆی لە خۆیدا ئایینێکە و لایەنگرانی مافی پاراستنی تایبەتمەندی ئایینی و کۆمەڵایەتی و کولتووری خۆیان هەیە و لە هەموو جۆرە ئاسمیلەکردن و قڕکردنێک بپارێزرێن لە ڕێگەی دامودەزگاکانی خۆیان و دامەزراوە پەیوەندیدارەکانی بەڕێوەبەری خۆسەری دیموکراتیەوە بیپارێزن.

مادەی ٤٢

هەموو کەسێک مافی خۆیەتی کۆبوونەوە و ڕێپێوان و نارەزایەتی دەرببڕێت. ئەمەش بە یاسا ڕێکدەخرێت.

مادەی ٤٣

گەرەنتیکردنی ئازادی بیری سیاسی بۆ هەموو گەلان و پێکهاتەکان و تاکەکان، و مافی خۆیانە حیزب دابمەزرێنن کە نوێنەرایەتی خواستەکانیان بکەن. ئەمەش بە یاسا ڕێکدەخرێت.

مادەی ٤٤

گەلان و پێکهاتەکان مافی خۆیانە لە: کۆمۆن، ئەنجومەن، هەرەوەزیی، ئەکادیمیا و خۆبەڕێوەبردنەکاندا بە ئازادی خۆیان ڕێکبخەن و نوێنەرایەتی خۆیان بکەن.

مادەی ٤٥

گروپە کۆمەڵایەتییەکان بە ئازادی خۆیان ڕێکدەخەن و کارەکانیان بە شێوەی: کۆمۆن، ئەنجومەن، کۆمەڵە، سەندیکا، فیدراسیۆن، ژوور، کۆمەڵەی هەرەوەزیی، بە تایبەتی بەپێی ئەو چوارچێوە یاساییەی کە بۆیان دیاری کراوە ڕێکدەخرێن.

مادەی ٤٦

چەوساندنەوە، ئاسمیلەکردن، جینۆسایدی کولتووری، گۆڕانی دیمۆگرافی، داگیرکاریی و دەستدرێژیکردن هەموویان تاوانی دژ بە مرۆڤایەتین و، گەلان و گروپەکان مافی ڕەوای خۆیان هەیە بەرەنگارییان ببنەوە.

مادەی ٤٧

هەر یەکەیەکی کارگێڕی لە سەرەتا لە گوند و قەزا و شارۆچکە و شار و کانتۆنەوە دەست پێدەکات، مافی بڕیاردانی هەیە لەسەر ئەو بابەتە و کاروبارانەی کە پەیوەندییان پێوە هەیە، بە مەرجێک ئەمە لەگەڵ ناوەڕۆکی ئەم گرێبەستەدا ناکۆک نەبێت.

مادەی ٤٨

هەموو کەسێک مافی بەشداریکردنی لە سیاسەتی دیموکراسیدا هەیە، هەروەها بەپێی یاسا، مافی کاندیدکردن و هەڵبژاردنی هەیە.

مادەی ٤٩

هیچ کەسێک بە هۆی ڕەنگ و ڕەگەز و نەتەوە و ئایین و بیروباوەڕ و مەزهەبی، نابێت جیاکاری و سوکایەتی وپەراوێزخستنی لە هەمبەر بکرێت.

مادەی ٥٠

ئەنجامدانی هەموو جۆرە توندوتیژییەک دژی ژنان و، بەکاربردنیان، یان سەپاندنی جیاکاری نەرێنی بەسەریاندا، تاوانێکن کە بەپێی یاسا سزا دەدرێت.

مادەی ٥١

ژنان مافی بەشداریکردنی یەکسانیان هەیە لە هەموو بوارەکانی ژیاندا و، مافی بڕیاری پەیوەست بە کاروباری خۆیانیان هەیە.
مادەی ٥٢
گەنجان مافی خۆیانە بە تایبەتی خۆیان ڕێکبخەن، و بە شێوەیەکی ڕێکخراو و بە ئیرادەی خۆیان لە هەموو بوارەکانی ژیاندا بەشداری بکەن.
مادەی ٥٣
بەڕێوەبەری خۆسەری دیموکراتی و کۆمەڵگا هەڵدەستن بە دابینکردن و پێشکێشکردنی تواناکانی پێویست بۆ بەشداری هزری و جەستەیی لە هەموو بوارەکانی ژیاندا بۆ کەسانی خاوەن پێداویستی تایبەت، هەروەها ژیانێکی شایستە بۆ ئەو کەسانە مسۆگەر دەکەن کە ناتوانن پێداویستیەکانیان دابین بکەن.
مادەی ٥٤
کەسانی بەساڵاچوو بە یادەوەری کۆمەڵگا و خاوەن مەعریفە دادەنرێن، مافی زامنکردنی کۆمەڵایەتیان هەیە، مافیان هەیە بە شێوەیەکی دروست بەشداری لە هەموو بوارەکانی ژیاندا بکەن و، ئەو پێزانینەیان پێ بدرێت کە شایەنیانە.
مادەی ٥٥
مافەکانی منداڵان پارێزراون، بەکارهێنانی توندوتیژی بەرامبەریان، کارپێکردنیان و ئیستغلالکردنیان و بەکاربردنیان قەدەغەیە. ئەمەش بە یاسا ڕێکدەخرێت.
مادەی ٥٦
هەموو کەسێک مافی دادگاییکردنی دادپەروەرانەی هەیە.

مادەی ٥٧
دەستگیرکردن، چوونە ژوورەوە، یان تەفتیشکردنی شوێنە تایبەتەکان یان ماڵەکانی نیشتەجێ ڕێگەپێدراو نییە تەنها بە مۆڵەتی دادوەریی یان لە حاڵەتەکانی تاوانی بینراو، نەبێت.
مادەی ٥٨
ئازادی تاک بەبێ بەڵگەنامەی یاسایی سنووردار ناکرێت.
مادەی ٥٩
هەموو کەسێک مافی ئەوەی هەیە لە چوارچێوەی کۆمەڵگەیەکی ژینگەیی تەندروستدا بژی.
مادەی ٦٠
گروپ و پێکهاتە کولتووری و نەتەوەیی و ئاینییەکان مافی ئەوەیان هەیە ناوی ڕێکخراو و دامودەزگا دیموکراتییەکانیان ناو بنێن و پێکبهێنن و کولتوورەکانیان بپارێزن. هیچ کەسێک یان قەوارەیەک مافی ئەوەی نییە باوەڕ و بیرکردنەوە و کولتووری خۆی بە زەبری هێز بەسەر کەسانی دیکەدا بسەپێنێت.
مادەی ٦١
ئیدارەی خۆسەریی داکۆکی لە پتەوکردنی بەها مێژووییەکانی خێڵ و هۆزەکان دەکات بە شێوەیەک کە خزمەت بە گەشەپێدان و پێکەوە ژیانی ئاشتیانە لە نێوان کۆمەڵگادا بکات، هەروەها دژایەتی هەموو داب و نەریتی خێڵەکی دەکات کە لەگەڵ گرێبەستی کۆمەڵایەتیدا ناتەبایە.
مادەی ٦٢
خوێندن لە هەموو ئاستەکاندا بەخۆڕاییە، خوێندنی سەرەتایی و ناوەندی ناچارییە.
مادەی ٦٣
هەموو هاووڵاتییەک مافی کارکردن و گواستنەوە و نیشتەجێبوونی هەیە.
مادەی ٦٤
پاراستنی مافی مرۆڤە کەدکارەکان و دەستەبەرکردنی مافی ڕێکخستن و ژیانی کۆمەڵایەتیان هەیە و، ئەمەش بە یاسا ڕێکدەخرێت.
مادەی ٦٥
گەرەنتیکردنی ئازادی ڕاگەیاندن و ڕۆژنامەگەری و بڵاوکردنەوە و، ئەمەش بە یاسا ڕێکدەخرێت.
مادەی ٦٦
هەر کەسێک مافی دەستڕاگەیشتن و وەرگرتنی زانیاری هەیە و، ئەمەش بە یاسا ڕێکدەخرێت.

مادەی ٦٧
هەر کەسێک مافی ئەوەی هەیە کە چالاکییە کولتووری و هونەری و کۆمەڵایەتییەکانی پەرەپێبدات و بڵاوی بکاتەوە و بەشدار ببێت و، سودیان لێبکات و، ئەمەش بە یاسا ڕێکدەخرێت.
مادەی ٦٨
هەموو مرۆڤێک مافی ئەوەی هەیە: داوای پەنابەری مرۆیی و سیاسی بکات، مامەڵەی خراپ لەگەڵیدا ڕەت بکاتەوە، پەنابەری سیاسی بەبێ ڕەزامەندی خۆی ناگەڕێتەوە وڵاتەکەی. ئەمەش بە یاسا ڕێکدەخرێت.
مادەی ٦٩
سامانی سروشتییەکان سامانی گشتییە بۆ کۆمەڵگا، گۆڕینی بۆ موڵکی تایبەت قەدەغەیە و وەبەرهێنان و بەڕێوەبردن و مامەڵەکردن لەگەڵیاندا، بە شێوەیەکی دادپەروەرانە بە یاسا ڕێکدەخرێت.
مادەی ٧٠
موڵکی تایبەت پارێزراوە و ناتوانرێت لێی بسەندرێتەوە جگە لە پێناو بەرژەوەندی گشتی، دەبێت قەرەبووی دادپەروەرانە بکرێتەوە، ئەمەش بە یاسا ڕێکدەخرێت.
مادەی ٧١
خاوەندارێتی بۆ موڵک بە مەبەستی گۆڕینی دیمۆگرافی، قەدەغەیە.
مادەی ٧٢
بەشداری هەموو هاووڵاتیان لە پاراستنی ڕەوادا ماف و ئەرکێکە بۆ ڕێگریکردن لە هەر هێرشێک بۆ سەر ناوچەکانی ئیدارەی بەڕێوەبەری خۆسەری دیموکراتی باکور و ڕۆژهەلاتی سوریا و کۆماری دیموکراتی سوریا.
مادەی ٧٣
خاوەندارێتی هزری پارێزراوە و، ئەمەش بە یاسا ڕێکدەخرێت.

## دەروازەی سێیەم

## سیستەمی کۆمەڵایەتی

### بەشی یەکەم

مادەی ٧٤
بەڕێوەبەری خۆسەری دیموکراتی باکور و ڕۆژهەلاتی سوریا ژیانی کۆمەڵایەتی دیموکراسی و ئازادانەی خۆی ڕێکدەخات لەسەر بنەمای پێکهێنانی: کۆمۆن، ئەنجومەن، ئەکادیمیا، هەرەوەزیی، یەکەی ئابووری کۆمەڵگەیی، و ئەو دامەزراوانەی کە تەواوکەری سیستەمی کۆمەڵایەتین، کە بەشێوەیەکی کۆنفیدراڵی خۆیان ڕێکدەخەن. سیستەمی دیموکراسی کۆمەڵگا لەسەر بنەمای ئەو دامەزراوانە گەشە دەکات و جێگیردەبێت.
مادەی ٧٥

**کۆمین:**

شێوازی ڕێکخستنی ریشەیی دیموکراسی ڕاستەوخۆیە، بچووکترین یەکەی ئیدارییە لە بەڕێوەبەری خۆسەری دیموکراتی باکور و ڕۆژهەلاتی سوریا و ئەو شوێنەیە کە کۆمەڵگەی ئەخلاقی-سیاسی تێیدا گەشە دەکات، و ژیانی کۆمەڵایەتی و ئابووری و کولتووری بەرهەم دەهێنێت.
کۆمێن ئەنجومەنێکی خۆبەخۆیە، کە شوێنی بڕیاردان و بەڕێوەبردن و دەسەلاتی چارەسەرکردنی کێشە کۆمەڵایەتییەکانە لە چوارچێوەی بواری بەڕێوەبردن و ڕێکخستندا.
مادەی ٧٦

**پێکهاتەی کومێن:**

١- پێکدێت لە کۆمەڵێک خێزان کە لە سنووری ئیداری و جوگرافیای کۆمۆنەدا دەژین.
٢- هەموو هاولاتییەک لە باکوور و ڕۆژهەلاتی سوریا ئەندامی کۆمۆنێکە.
٣- دەستەی هاوسەرۆکایەتی ولێژنەکان لەلایەن ئەندامانی کۆمۆنەوە هەڵدەبژێردرێن و، ئەگەر هاوسەرۆکایەتی کۆمۆنە یان یەکێک لە کۆمیتەکان ئەرکەکانی بەشێوەی پێویست ئەنجام نەدا، دەکرێت دەنگ بدرێت بۆ لێسەندنەوەی متمانە و هەڵبژاردن ئەنجام دەدرێت بەبێ چاوەڕوانی هەڵبژاردنی گشتی.
٤- کۆمێن لە کارەکانیدا دیموکراسی ڕاستەوخۆ دەگرێتەبەر.

مادەی ٧٧

**ئەنجومەنی گەل:**

یەکینەکی کۆمەڵایەتیە کە نوێنەرایەتی گەل دەکات، هەڵدەستێ بە دەرکردنی ئەو بڕیارانەی کە لە تایبەتماندی ئەودایە لە ڕووی کۆمەڵایەتی و سیاسی و کەلتوری و ئابوریەوە، هەروەها بەدواداچوون دەکات بۆ جێبەجێکردنیان و هەڵدەسێ بە دانانی ئەو ڕێساو بنەمایانەی پەیوەندیدارە بە ژیانی دیموکراتی ئازادەوە، کە لە گوندەکانەوە دەست پێدەکات پاشان گەڕەکەکان، شارۆچکەکان، شارەکان، و کانتۆنەکان لە هەرێمی باکور و رۆژهەڵاتی سوریا. ئەم ئەنجومەنانە هەڵدەستن بە تاوتوێ کردنی کاروباری کۆمەڵگا و بڕیاری لەبارەوە دەدەن و سیاسەتی خۆیان لەو بارەیەوە دیاری دەکەن، لەسەر ئەم بنەمایە کۆمەڵگە ڕێکدەخرێ و پاڵپشتی پاراستن و گرەنتی بەردەوامبوونی دەکرێت، پیداویستیە سیاسی و کۆمەڵایەتی و کەلتوری و ئابوری و ئاساشییە بنەڕەتیەکانی بۆ دابین دەکرێت.

ئەم دەستانە لەسەر شێوەی ئەنجومەن ڕێکدەخرێن بە پشتبەستن بە بنەمای کۆنفیدراڵی دیموکوراتی.

مادەی (٧٨):

**پەیکەری ئەنجومەنەکانی گەل:**

١- ژمارەی نوێنەرانی ئەنجومەنەکان بە گوێرەی چڕی دانیشتوان دەبێت، پێویستە بە یاسا ڕێک بخرێت.

٢- ئەنجومەنەکان پێکدێن لە ژمارەی پێویست لە کۆمەڵێك ئەندامی هەڵبژێردراو بە ڕێژەی شەست لە سەدیان (٦٠٪) لەو نوێنەرانە پێکدێن کە بەشێوەی ڕاستەوخۆ دەنگی گەل بەدەست دێنن، چل لەسەدیان (٤٠٪) لەو نوێنەرانە پێکدین کە لە لایەن دەزگا کۆمەڵایەتیە ڕێخراوەکان و پێکهاتە نەتەوەیی و ئاینیەکانەوە بەشێوەیەکی روون و دیموکوراتیانە هەڵبژێراون، ئەمەش بە یاسای تایبەت ڕێکدەخرێت بە گویرەی ڕێکەوتن وسازانی دیموکوراتیانە.

٣- ماوەی خولی هەڵبژاردنەکان دوو ساڵە.

٤- ئەندامانی ئەنجومەنەکان و دەستەی جێبەجێکار و هاوسەرۆکەکان مافیان نیە خۆیان بەربژێر بکەنەوە پاش ئەوەی دوو دەورەی یەك لەدوای یەك لەو پۆستەدا بوون.

٥- ئەنجومەن لە ڕێگەی لیژنەکانەوە کارەکانی دەکات، هەروەها بەدواداچوون دەکات بۆ کاری ئەنجومەن و دەستە جێبەجێکارەکان.

٦- هەڵبژاردنی ئەندامانی ئەنجومەنە جێبەجێکارەکان لەڕێگەی ئەنجومەنەکانی گەلەوە دەبێت، لەو کەسانەی کە هەڵبژێراون بیست لەسەدیان (٢٠٪) لە کەسانی شارەزاو خاوەن تایبەتمەندی دادەنرێن بەگوێرەی پێویستی.

٧- ڕێژەی نوێنەرایەتی ژنان لەهەر ئەنجومەنێکدا (٥٠٪) پەنجا لە سەدە.

٨- هاوسەرۆکی شارەوانیەکان بەشدار دەبن لە ئەنجومەنەکانی گەل و ئەنجومەنە جێبەجێکاریەکاندا.

٩- ژن نوێنەرایەتی خۆی دەکات لە سەرجەم ئەنجومەنەکانی گەلدا، لە کۆمۆن، شارۆچکە، شار، کانتۆن و هەرێمی باکور و ڕۆژهەڵاتی سوریادا، لە ڕێگای ئەنجومەنەکانی ژنان.

مادەی ٧٩

**ئەرکەکانی ئەنجومەنی گەل:**

١- هەڵدەسێ بە هەڵبژاردنی هاوسەرۆکی ئەنجومەن و دیوانی هاوسەرۆکی ئەنجومەن.

٢- پەسەندکردنی هاوسەرۆکی ئەنجومەنی جێبەجێکار و ئەندامانی ئەنجومەنی جێبەجێکردن کە ناوەکانیان بە ڕێکەوتن و سازان لەلایەن پێکهاتەکانەوە پێشنیار دەکرێت.

٣- پەسەندکردنی دەزگاکانی هاوسەرۆکی دادپەروەری کە ناوەکانیان لەلایەن ئەنجومەنەکانی دادپەروەریەوە پێشنیار دەکرێت. ئەم دەزگایانە بەرپسیارن لەبەردەم ئەنجومەن بۆ کارکردن، بەگوێرەی گرێبەستی کۆمەڵایەتی.

٤- هەڵدەستێ بە پەسەندکردنی فەرماندەکانی ئاسایشی ناوخۆ کە ناوەکانیان لەلایەن دەزگاکانی ئاسایشی ناوخۆوە پێشنیار دەکرێت، ئەنجومەن هەڵدەسێ بە سەرپەرشتیکردنیان، ئاسایشی ناوخۆ ڕاپۆرتەکانی بەشێوەی دەوری پێشکەش بە ئەنجومەنی گەل دەکات.

٥- پەسەندکردنی فەرماندەکانی هێزەکانی پاراستنی کۆمەڵگە کە ناوەکانیان لەلایەن سەرکردایەتی هێزی پاراستنی کۆمەڵگەوە پێشنیار دەکرێت، ئەنجومەن هەڵدەستێ بە سەرپەرشتیکردنیان، ئەوانیش ڕاپۆرتەکانیان بەشێوەی دەوری پێشکەش بە ئەنجومەنەکانی گەل دەکەن.

٦- ئەنجومەنەکان پێکەوە کاردەکەن بەشێوەی: هەماهەنگی و تەواوکاری.

مادەی ٨٠

**گەڕەك:** پێك دێت لەسەرجەم ئەو یەکە نیشتەجێبوونانەی کە لە گەڕەکەکاندا هەیە.

## ئەنجومەنی گەڕەك:

١- ژمارەی ئەندامەکانی بە پێی چڕی دانیشتوان لە گەڕەکەکەدا دیاری دەکرێت.

٢- ئەنجومەنی گەڕەک پێکدێت لە (60%)ی ئەو نوێنەرانەی کە دەنگی دەنگدەرانیان بەدەستهێناوە، هەروەها (40%) ی نوێنەری ڕێکخسنە کۆمەڵگەییەکان و پێکهاتەکان کە بەشێوەیەکی شەفاف و دیموکراسی هەڵبژێردراون. سەرۆکایەتی هاوبەشی (هاوسەرۆکی) کۆمۆنەکانی سەر بە ئەو گەڕەکە کە ئەندامی ئەنجومەنی گەڕەکەکانن و سەرۆکایەتی هاوبەشی لیژنەی شارەوانی لە گەڕەکەکەدا بەشداری تێدا دەکەن.

٣- هەڵدەستێ بە هەڵبژاردنی دیوان و سەرۆکایەتی هاوبەشی، بۆ دیوانی ئەنجومەن.

٤- هەڵدەستێ بە هەڵبژاردنی هاوسەرۆکی ئەنجومەنی جێبەجێکردنی ئەنجومەن.

٥- هەڵدەستێ بە پەسەندکردن لەسەر ئەندامانی ئەنجومەنی جێبەجێکردن و بەڕێوەبەری ئاسایشی ناوخۆ لە گەڕەکەکەدا.

٦- هەڵدەستێ بە پەسەندکردن لەسەر سەرکردایەتی هێزەکانی پاراستنی کۆمەڵگە لە گەڕەکەکە، کە ناوەکانیان لەلایەن سەرکردایەتی هێزەکانی پاراستنی کۆمەڵگا پێشنیار کراوە.

٧- سەرپەرشتی کاری ئەنجومەنی جێبەجێکاری گەڕەک دەکات.

٨- پەسەندکردنی ئەندامانی لیژنەی ئاشتەوایی کە لەلایەن دەزگای دادپەروەرییەوە پێشنیار کراوە.

٩- ئەنجومەن مافی ئەوەی هەیە گفتوگۆ بکات و بڕیار لەسەر ئەو بڕیارانە بدات کە کاریگەرییان لەسەر گەڕەکەکە هەیە، هەروەها پلان و بەدواداچوون بۆ جێبەجێکردنیان دابڕێژێت بەبێ ئەوەی دەستوەردان لە کارەکانی کۆمۆنەدا بکات.

١٠- ئەنجومەنی گەڕەک و کۆمۆنەکان بەشێوەیەکی هەماهەنگ و تەواوکاری کاردەکەن.

١١- سەرۆکایەتی هاوبەشی ئەنجومەنی گەڕەک، ئەندامانی ئەنجومەنی شارن.

١٢- کارەکانی بەپێی پەیڕەوی ناوخۆ ڕێکدەخرێت.

مادەی ٨١

## ئەنجومەنی جێبەجێکاری ئەنجومەنی گەڕەک

١- هەڵدەستێ بە جێبەجێکردنی بڕیارەکانی ئەنجومەنی گەڕەک.

٢- هەڵدەستێ  بە بەدواداچوون بۆ کاری لێژنەکانی.

٣- هەڵدەستێ  ڕاپۆرتەکانی پێشکێش بە ئەنجومەن دەکات.

٤- هەماهەنگی لە نێوان دەستەی کارگێڕی و کۆمۆنەکانی سەر بە گەڕەکەکە، دەکات.

مادەی ٨٢

شارۆچکە: پێکهاتووە لە ناوەندی شارۆچکەکە و گوندەکانی سەر بە خۆی و یەکەکانی دیکەی نیشتەجێبوون.

## ئەنجومەنی شارۆچکە

١- ئەنجومەنی شارۆچکە پێکدێت لە (60%) لەسەدا شەستی ئەو نوێنەرانەی دەنگی دەنگدەرانیان بەدەستهێناوە، هەروەها (40%) ی نوێنەری ڕێکخسنە کۆمەڵگەییەکان و پێکهاتەکان کە بەشێوەیەکی شەفاف و دیموکراسی هەڵبژێردراون، کە سەرۆکایەتی هاوبەشی کۆمۆنەکانی سەر بە ئەو شارۆچکەیە و سەرۆکایەتی هاوبەشی شارەوانی بەشداری تێدا دەکەن.

٢- هەڵدەستێ بە هەڵبژاردنی دیوان و سەرۆکایەتی هاوبەشی، بۆ دیوانی ئەنجومەن.

٣- هەڵدەستێ بە هەڵبژاردنی هاوسەرۆکی ئەنجومەنی جێبەجێکردنی ئەنجومەن.

٤- هەڵدەستێ بە پەسەندکردن لەسەر ئەندامانی ئەنجومەنی جێبەجێکردن و بەشی ئاسایشی ناوخۆ لە شارۆچکەکەدا.

٥- هەڵدەستێ بە پەسەندکردن لەسەر سەرکردایەتی هێزەکانی پاراستنی کۆمەڵگا لە شارۆچکەکە، کە ناوەکانیان لەلایەن سەرکردایەتی هێزەکانی پاراستنی کۆمەڵگە پێشنیار کراوە.

٦- سەرپەرشتی کاری ئەنجومەنی جێبەجێکاری شارۆچکەکە دەکات.

٧- پەسەندکردنی ئەندامانی لیژنەی ئاشتەوایی کە لەلایەن دەزگای دادپەروەرییەوە پێشنیار کراوە.

٨- ئەنجومەن مافی ئەوەی هەیە گفتوگۆ و بڕیار لەسەر ئەو بڕیارانە بدات کە کاریگەرییان لەسەر شارۆچکەکە هەیە و پلان دابڕێژێت و بەدواداچوون بۆ جێبەجێکردنی بکات.

٩- مافی گفتوگۆ و لێکۆڵینەوەی هەیە لەسەر ئەو بڕیارانە کە کاریگەرییان لەسەر شارۆچکەکە هەیە بەبێ دەستوەردان لە کاروباری کۆمۆن.

١٠- ئەنجومەنی شارۆچکە و کۆمۆنەکان بە هەماهەنگی و تەواوکاریی کاردەکەن.

١١- کارەکانی بەپێی پەیڕەوی ناوخۆ ڕێکدەخرێت.

مادەی ٨٣

### ئەنجومەنی جێبەجێکاری سەر بەئەنجومەنی شارۆچکە.

١- بڕیارەکانی ئەنجومەنی شارۆچکە جێبەجێ دەکات.

٢- بەدواداچوون بۆ کاری لێژنەکانی دەکات.

٣- ڕاپۆرتەکانی پێشکەش بە ئەنجومەن دەکات.

٤- هەماهەنگی لە نێوان دەستەی کارگێڕی و کۆمۆنەکانی سەر بە شارۆچکەکە، دەکات.

مادەی ٨٤

شار: شار لە ناوەندی شار و شارۆچکە و گوندەکان و یەکەکانی نیشتەجێبوونی تەنیشت خۆی پێکدێت.

### ئەنجومەنی شار

١- ئەنجومەنی شار پێکدێت لە (60%)ی ئەو نوێنەرانەی کە دەنگی خەڵکیان بەدەستهێناوە و (40%) لەسەدا چل کاندیدەکان کە لەلایەن ڕێکخراوە پێکهاتەکانەوە کاندید کراون کە بەشێوەیەکی شەفاف و دیموکراسی هەڵدەبژێردرێن، لەگەڵ ئەوانەش سەرۆکایەتییە هاوبەشەکان لە شارۆچکە و کۆمۆنەکانی گەڕەکەکانی شار و سەرۆکایەتییە هاوبەشەکانی شارەوانییەکان، ئەندامانی ئەنجومەنی شار دەبن.

٢- لە شارە گەورەکاندا ئەنجوومەنی گەڕەک پێکدەهێنرێت و سەرۆکایەتی هاوبەشی ئەنجومەنی گەڕەک لە ئەنجومەنی شاردا هاوبەشە.

٣- شارۆچکە و شار و شارە گەورەکە بە یاسایەکی تایبەت ڕێکدەخرێن.

مادەی ٨٥

### ئەرکەکانی ئەنجومەنی شار

١- هەڵدەستێ بە هەڵبژاردنی دیوان و سەرۆکایەتی هاوبەشی، بۆ دیوانی ئەنجومەن.

٢- هەڵدەستێ بە هەڵبژاردنی هاوسەرۆکی ئەنجومەنی جێبەجێکردنی ئەنجومەن.

٣- پەسەندکردنی ئەندامانی ئەنجومەنی جێبەجێکاری شار و، سەرپەرشتی کارەکانیان دەکات.

٤- پەسەندکردنی سەرۆکایەتی هاوبەشی دادگای داد و لێژنەکانی ئاشتەوایی شار، کە ناوەکانیان لەلایەن ئەنجومەنی دادەوە پێشنیار کراوە.

٥- فەرماندەکانی ئاسایشی ناوخۆی شارەکە پەسەند دەکات و سەرپەرشتی کارەکانی دەکات.

٦- پەسەندکردنی فەرماندەکانی هێزەکانی پاراستنی کۆمەڵگە بۆ ئەو شارەی کە ناوەکانی لەلایەن فەرماندەیی هێزەکانی پاراستنی کۆمەڵگە پێشنیار کراوە.

٧- پلان و پرۆژە دادەڕێژێت و بڕیار لەسەر ئەو بڕیارانە دەدات کە کاریگەرییان لەسەر شار هەیە.
٨- لێکۆڵینەوە لەسەر بڕیارەکانی پەیوەست بە شار دەدات، بەبێ دەستوەردان لە کارەکانی شارۆچکە و کۆمۆنەکان.
٩- بەپێی سیستمی ناوخۆی خۆی کار دەکات و لەڕێگەی لیژنەکانەوە بەدواداچوون بۆ کارەکان دەکات.
١٠- کارەکان ئەنجام دەدات لە شێوەی: هەماهەنگی و تەواوکاریی لەگەڵ ئەنجوومەنی شارۆچکەکان، کۆمۆنەکانی ناو شار، ئەنجوومەنی گەڕەکەکان.

مادەی ٨٦

## ئەرکەکانی ئەنجومەنی جێبەجێکاری شار

١- ئەو بڕیار و پرۆژانە جێبەجێ دەکات کە لەلایەن ئەنجومەنی شارەوە پەسەندکراون.
٢- سەرپەرشتی و بەدواداچوون بۆ کاری لیژنەکانی دەکات.
٣- هەڵدەستێ بە دورستکردنی هەماهەنگی لە نێوان لیژنەکانی جێبەجێکردنی شار و لیژنەکانی شارۆچکەکەدا.
٤- ئەنجومەنی جێبەجێکاری شارە گەورەکان هەماهەنگی دەکات لە نێوان لیژنەکانی جێبەجێکردنی ناو شار و لیژنەکانی ناو گەڕەکەکان.
٥- بەرپرسە لە بەرامبەر ئەنجوومەنی گەل و، مانگانە ڕاپۆرتی خۆی پێشکەشی دەکات.
٦- کارەکانی بەپێی پەیڕەوی ناوخۆ ڕێکدەخرێت.

مادەی ٨٧

## کانتۆن

١- هەر کانتۆنێک لە شار و شارۆچکە و گوند و کێڵگە کشتوکاڵییەکان پێکدێت.
٢- کانتۆن لە ئیدارەی خۆسەری دیموکراتی باکور و ڕۆژهەڵاتی سوریا خۆی ڕێکدەخات لە ڕووی: سیاسی، کۆمەڵایەتی، ئابووری، ئیکۆلۆژی، ڕۆشنبیری، ئاسایش، پەروەردەیی، ژنان و گەنجان، لەسەر بنەمای کۆنفیدرالی دیموکراتی و بنەماکانی بەڕێوەبەری خۆسەری دیموکراتیک بڕیار دەدات و کاردەکات و، ئەو دەسەڵات و مافا سنوردارانەی هەیە کە لە گرێبەستی کۆمەڵایەتی بۆ بەڕێوەبەری خۆسەری دیموکراتیک لە باکور و ڕۆژهەڵاتی سوریا، دیاری کراوە.
٣- هاوتەریب لەگەڵ وەبەرهێنانە گشتیەکان لەسەر ئاستی باکور و ڕۆژهەڵاتی سوریا، هەر کانتۆنێک خۆی بە پێی پرەنسیپەکانی خۆبژێوی و تەواوکاریی لە بواری ئابووریدا ڕێکدەخات، و لەگەڵ بەڕێوەبەری خۆسەری دیموکراتی باکور و ڕۆژهەڵاتی سوریا کاردەکات بۆ دەستەبەرکردنی پێداویستییە بنەڕەتییەکانی کۆمەڵگا، و پشکی خۆی لە تواناکان بەپێی چڕی دانیشتووان و پێداویستیەکانی، بەدەست دەهێنێت.
٤- کانتۆنەکان دابەشکردنی دادپەروەرانەی سەروەت و سامانی ژێرزەمین و سەرزەوی وەک بنەمای خۆیان لە بەڕێوەبەری خۆسەری دیموکراتی باکور و ڕۆژهەڵاتی سوریا دەگرنەبەر، دابەشکردنی دادپەروەرانەی سەروەت و سامان بە یاسا ڕێک دەخرێت.
٥-هەر ئەنجومەنی کانتۆنێک بەرپرسیارە لە ڕێکخستن و بەهێزکردنی هێزەکانی ئاسایشی ناوخۆ و سەرپەرشتیکردنی کارەکانیان.
٦- هەموو کانتۆنێک مافی پاراستنی ڕەوای هەیە لە بەرامبەر هێرشە دەرەکییەکان، هەروەها بەرپرسیارە لە بەرگریکردن لە بەڕێوەبەری خۆسەری دیموکراتی باکور و ڕۆژهەڵاتی سوریا و کۆماری دیموکراتی سوریا.
٧-هەر کانتۆنێک مافی پەرەپێدان و پتەوکردنی پەیوەندییە دیپلۆماسی و ئابووری و کۆمەڵایەتی و کولتوورییەکانی لەگەڵ گەلان و وڵاتان هەیە بەمەرجێک پێچەوانەی گرێبەستی کۆمەڵایەتی ئیدارەی خۆسەری دیموکراتی باکور و ڕۆژهەڵاتی سوریا نەبێت.
٨-پێکهاتە نەتەوەیی و ئایینیەکانی هەر کانتۆنێک بە زمان و کولتووری خۆیان کاروباری سیاسی و کۆمەڵایەتی و کولتووری خۆیان ڕێکدەخەن و بەڕێوەی دەبەن.

٩- بناغەکانی پەیڕەو و میکانیزم بۆ هەر یەکێک لەو ماف و دەسەڵات و بەرپرسیارێتیانەی کانتۆنەکان لە سەرەوە ئاماژەیان پێکراوە بە یاسای جیا و بەورد دیاری دەکرێت.

مادەی ٨٨

## ئەنجومەنی گەلان لە کانتۆن

١- ئەو ئەنجومەنەیە کە نوێنەرایەتی گەلان و گروپە کۆمەڵایەتیەکان دەکات لە هەر کانتۆنێک. ڕۆڵی یاسادانان و چاودێری و دارِشتنی سیاسەتی گشتی دەگێڕێت، ماوەی خولی هەڵبژاردنەکانی دوو ساڵە. میکانیزمی کاری ئەنجومەن و لێژنەکانی سەر بە ئەنجومەن بە ڕێسا ناوخۆییەکان دیاری دەکرێت.

٢- ئەنجومەن بەپێی چڕی دانیشتوان پێکدێت، بە ڕێژەی (60%) نوێنەری خەڵک کە لەلایەن خەڵکەوە لە هەڵبژاردنە گشتییەکاندا هەڵدەبژێردرێن، هەروەها (40%) ئەندامانی مەجلیسی گەل لە کانتۆنەکەدا لە نوێنەرە هەڵبژێردراوەکان کە بە شێوەیەکی دیموکراتی و شەفاف لە ناو پێکهاتە نەتەوەیی و ئایینی و باوەڕییەکان و کولتوورییەکاندا هەڵبژێردراون.

٣- دانیشتنی یەکەم لە ڕۆژی شانزەهەمدا ئەنجام دەدرێت دوای ڕاگەیاندنی ئەنجامی کۆتایی لەسەرجەم ناوچەکان لەسەر بانگهێشتی کۆمسیۆنی باڵای هەڵبژاردنەکان، نیسابی یاسایی بە بەدیهاتوو دادەنرێت بە ئامادەبوونی دوو لەسەر سێی ئەندامان، لە ئەگەری ئەوەی کە یەکەم دانیشتن ئەنجام نادرێت چونکە ڕێژەی پێویست بەدی نایەت، وادەیەکی تر بۆ ئەنجامدانی لە ماوەی پانزە ڕۆژدا دیاری دەکرێت و ڕێژەی یاسایی لەبەرچاو دەگیرێت، بە بوونی (٥٠ + ١) پەنجا لەگەڵ یەک لە کۆی گشتی. یەکەم دانیشتنی مەجلیسی گەلان بە سەرۆکایەتی ژن و پیاوێک لە بەتەمەنترین ئەندامان و گەنجترین ئەندامان بەڕێوەدەچێت و دەستەی سەرۆکایەتی هاوبەش و دیوان هەڵدەبژێردرێن. پاشان ئەندامانی ئەنجومەن سوێند دەخۆن و کۆبوونەوەکانی ئاشکرا دەبن، مەگەر وا پێویست بکات بە پێچەوانەوە، بەپێی ئەوەی لە پەیڕەوی ناوخۆیدا هاتووە.

٤- دەتوانرێت دانیشتنی ئەنجومەنی گەلان بۆ ماوەی شەش مانگ درێژبکرێتەوە لە حاڵەتی نائاساییدا و لەسەر داوای ١/٤ (چوارەک)ی ئەندامان یان لەسەر داوای سەرۆکایەتی ئەنجومەن، درێژکردنەوەیەکە پەسەند دەکرێت بە ڕەزامەندی دوو لەسەر سێی ئەندامانی ئەنجومەنەکە دەبێت.

٥- ئەندامی ئەنجومەن بەدرێژایی ماوەی ئەندامێتی بە پارێزبەندی بەهرەمەند دەبێت، لێپرسینەوە لەگەڵ ئەو بۆچوونانە ناکرێت کە دەریدەبڕێت، هەروەها ناتوانرێت بەبێ مۆڵەتی ئەنجومەن لەڕووی دادوەرییەوە دادگایی بکرێت، تەنها لە حاڵەتی تاوانی ئاشکرادا نەبێت، لەو حاڵەتەدا تەنها دیوانی ئەنجومەن ئاگادار دەکرێتەوە.

مادەی ٨٩

## ئەرکەکانی ئەنجومەنی گەلان لە کانتۆندا

١- سیاسەتی گشتی دادەڕێژێت و گفتوگۆ لەسەر پڕۆژەکان دەکات و بڕیاری پەیوەندیدار بە کۆمەڵایەتی و ئابووری و دارایی و وزە و ئاسایشی ناوخۆ و پەروەردە و ڕۆشنبیری و ڕۆشنبیری و ژنان و گەنجان و ئەوانی تر لە کانتۆندا، دەدات.

٢- بڕیار لەسەر بڕیار و یاساکانی تایبەت بە کانتۆنەکە دەدات بەبێ دەستوەردان لە کاروباری شار.

٣- سەرۆکایەتی هاوبەش بۆ دیوان و (٤) چوار جێگر بۆ ئەندامانی دیوان هەڵدەبژێرێت، بۆ ڕێکخستن و بەڕێوەبردنی چالاکییەکانی ئەنجومەن.

٤- ئەنجومەن لەسەر بنەمای لێژنەکان کار دەکات، هەروەها لەڕێگەی لێژنەکانییەوە بەدواداچوون و سەرپەرشتی چالاکییەکانی ئەنجومەنی جێبەجێکردن دەکات و ڕاپۆرتەکەی پێشکەشی ئەنجومەن دەکات.

٥- سەرۆکایەتی هاوبەشی ئەنجومەنی جێبەجێکردن بە زۆرینەی دوو لەسەر سێ هەڵدەبژێرێت و ڕادەسپێردرێ بۆ خستنەڕووی پێکهاتەی ئەنجومەنی جێبەجێکردن. متمانە بە ئەندامانی ئەنجومەنی جێبەجێکردن دەدرێت بە ڕێژەی (٥٠ + ١)، پەنجا لەگەڵ یەک، لە ژمارەی دەنگەکانی ئەنجومەن، لە کاتی دیاریکردنی ئەندامانی ئەنجومەنی جێبەجێکردن، نوێنەرایەتی دادپەروەرانەی پێکهاتە نەتەوەیی و ئایینییەکان دەبێت لەبەرچاو بگیرێت، ڕێژەی ژنان لە ئەنجومەنی جێبەجێکردندا ٥٠%یە، هەروەها مافی ئەوەیان هەیە کە دەتوانن متمانە لە ئەنجومەنی جێبەجێکردن یان یەکێک لە ئەندامەکانی وەربگرێتەوە و ئەمەش بە یاسا ڕێکدەخرێت.

٦- هەڵدەستێ بە پەسەندکردن لەسەر بەڕێوەبەرایەتی ئاسایشی ناوخۆ، کە ناوەکانیان لەلایەن دامودەزگاکانی ئاسایشی ناوخۆ پێشنیار کراوە، هەروەها سەرپەرشتی کاروچالاکیەکانی دەکات.

٧- هەڵدەستێ بە پەسەندکردن لەسەر فەرماندارەکانی هێزەکانی پاراستنی کۆمەڵگە، کە ناوەکانیان لەلایەن فەرماندەیی هێزەکانی پاراستنی کۆمەڵگە پێشنیار کراوە. ڕاپۆرتی خولیی خۆی پێشکەش بە ئەنجومەنی قەزاکە دەکات.

٨- پەسەندکردنی سەرۆکایەتی هاوبەشی ئەنجومەنی دادی کانتۆنەکە کە ناوەکانیان لەلایەن ئەنجومەنی دادوە پێشنیار کراوە.

٩- یاسا لە کانتۆن دادەنێت.

١٠- گفتوگۆ و پەسەندکردنی بودجەی گشتی کانتۆنەکە بە بەشداریی ئەنجومەنی شارەکان.

١١- سیاسەتی گشتی و پلانی گەشەپێدانی کانتۆنەکە پەسەند دەکات.

١٢- یاسای لێبوردنی گشتی لە پارێزگا دەردەکات، یان لەسەر بنەمای پێشنیاری ئەنجومەنی گەلان لە کانتۆن یان ئەنجومەنی دادپەروەری کانتۆنەکە یاسایی لێبوردن دەردەکات، بەمەرجێک ئەو دۆسیانەی تاوان دیاریبکرێن کە مەجلیسی گەلان لە کانتۆنەکەدا بتوانێت لێبوردن بە یاسا پەسەند بکات.

١٣- بەپێی پەیرەوی ناوخۆیی کاردەکات.

مادەی ٩٠

## ئەنجومەنی ڕاپەڕاندن یا جێبەجێکاری کانتۆن

١- دەزگای جێبەجێکردنە لە کانتۆنەکەدا، بڕیارەکانی ئەنجومەنی گەلان و بڕیارە دادوەرییەکانی دادپەروەریی جێبەجێ دەکات و ڕاپۆرتی وەرزی چالاکییەکانی پێشکەش بە مەجلیسی گەلان لە کانتۆنەکە دەکات.

٢- پێکدێت لە هاوسەرۆکایەتی ئەنجومەنی جێبەجێکردن و جێگرەکانی، سەرۆکایەتی هاوبەشی دامەزراوەکان، و هاوسەرۆکایەتی ئەنجومەنی جێبەجێکردنی شارەکان.

٣- لەسەر بنەمای دامەزراوەکانی جێبەجێکردن خۆی ڕێکدەخات، و بەو پێیە هێزی جێبەجێکاری بەکۆمەڵی خۆی پێکدەهێنێت.

٤- هەر دامەزراوەیەک پێکدێت لە سەرۆکایەتییەکی هاوبەش(هاوسەرۆکایەتی) و ژمارەیەکی پێویست لە ئەندامان بەگوێرەی پێداویستیەکانی چالاکییەکەی.

٥- دوای پێکهێنانی ئەنجومەنی جێبەجێکردن و پێدانی متمانە پێی، بەیاننامەیەک دەردەکات و خشتەی کارەکانی بۆ قۆناغی داهاتوو دیاری دەکات، هەروەها پابەندە بە جێبەجێکردنی لەماوەی خولەکەی خۆیدا دوای پەسەندکردنی لەلایەن ئەنجومەنی گەلانەوە لە کانتۆنەکە.

**بەشی دووەم**

مادەی ٩١

هەرێمی باکور و ڕۆژهەڵاتی سوریا: لە حەوت کانتۆن پێکدێت کە بریتین لە جەزیرە، دێرەزۆر، ڕەقە، فورات، منبج، عەفرین و شەهبا، و تەبقە.

## ئەنجومەنی دیموکراتی گەلان باکور و ڕۆژهەڵاتی سوریا

١-ئەنجومەنی دیموکراتی گەلانوێنەرایەتی هەموو ئەو گەلانە دەکات کە لە سایەی بەڕێوەبەری خۆسەری دیموکراتی باکوور و ڕۆژهەڵاتی سوریادا دەژین. هێمای پێکەیشتن لە پێکەوە ژیانی برایانە و یەکێتیەکی ئازاد و دیموکراتیکە کە گەلانی ناوچەکە دایدەمەزرێنن.

٢- ئەنجومەنی دیموکراتی گەلانپێکدێت لە نوێنەری گەلان: کورد، عەرەب، ئاشووری سریانی، ئەرمەنی، تورکمان، چەرکەسی، و چیچانی، هەروەها ڕێژەی ژنانی تێدا ٥٠٪ ە، هەروەها نوێنەرایەتی ئایدیۆلۆژی و گروپە کولتوورییەکانی وەک: موسڵمانان، مەسیحییەکان، ئێزیدیەکان و ئەوانی دیکە کە دەکەونە ژێر چەتری بەڕێوەبەری خۆسەری دیموکراتی باکوور و ڕۆژهەڵاتی سوریا ،
٣- پێکهاتە و تایبەتمەندییەکانی مێژوویی و دیمۆگرافی و جوگرافی و ئایینی و باوەڕیی و نەتەوەیی و کولتووری بۆ هەموو گەلان و گروپەکان لەبەرچاو دەگرێت، لەکاتی بڕیاردان و لەو چالاکییانەی کە ئەنجامی دەدات.
٤- ئەنجومەنی دیموکراتی گەلانمافی گەلان و گروپەکان بۆ دامەزراندنی بەڕێوەبەریی خۆسەری دیموکراسی زامن دەکات. تایبەتمەندی و ئازادییە ئایینی و نەتەوەیی و کولتوورییەکانیان بە یاسا لە چوارچێوەی گرێبەستی کۆمەڵایەتیدا مسۆگەر دەکات.
٥- سیستمی کۆنفیدراڵی دیموکراتی لە ڕێکخستنەوەی کۆمەڵگەدا پەیڕەو دەکات. وا دەکات لە چوارچێوەی هاوسەنگییەکی ژینگەیی و ئابووریدا بژی.
٦- ئەنجومەنی دیموکراتی گەلانڕێکخستنی کانتۆنەکانی بەڕێوەبەری خۆسەری دیموکراسی و گروپ و یەکە ناوخۆییەکان وەک پایەی سیستەمی کۆنفیدراڵی دیموکراسی دەزانێت. ئامانجی یەکخستنی هەموو گروپەکانی ژێر بەڕێوەبەری خۆسەری دیموکراتی باکوور و ڕۆژهەڵاتی سوریایە لەسەر بنەمای ئیرادەی خۆیان.

مادەی ٩٢

## پێکهاتەی ئەنجوومەنی گەلانی دیموکراتی

١- ئەنجومەنی دیموکراتی گەلان هەڵدەستێ بە یاسادانان و، نوێنەرایەتیکردنی گشتی گەلان و گروپەکان کە لە سایەی بەڕێوەبەری خۆسەری دیموکراتی باکور و ڕۆژهەڵاتی سوریا دەگرێتە ئەستۆ.
٢- ماوەی خولی هەڵبژاردن دوو ساڵە.
٣- ژمارەی ئەندامانی ئەنجوومەنی گەلانی دیموکرات لە هەر کانتۆنێک بەپێی چڕی دانیشتوان دیاری دەکرێت و ئەمەش بە یاسا ڕێکدەخرێت.
٤- ئەندامانی ئەنجوومەنی دیموکراتی گەلان بەپێی ئەمانەی خوارەوە هەڵدەبژێردرێن: (60%) لەسەدا شەست لە نوێنەرانی گەل کە لە هەڵبژاردنە گشتییەکاندا دیاری کراون کە هەموو خەڵک تێیدا بەشداردەبن، هەروەها (40%) لەسەدا چل لە ئەوان لە نوێنەران کە بە شێوەیەکی شەفاف و دیموکراسی لە نێوان پێکهاتە نەتەوەیی، ئایینی، باوەڕەکان و کولتوورییەکان هەڵبژێردراون، بەپێی چڕی دانیشتووانیان و لەناو چینە کۆمەڵایەتییەکاندا و، بەگوێرەی یاسای هەڵبژاردنەکان. هاوسەرۆکایەتی ئەنجومەنی کانتۆنەکان و هاوسەرۆکایەتی ئەنجومەنی جێبەجێکردن لە کانتۆنەکان و هاوسەرۆکایەتی یەکێتی شارەوانییەکان لە باکوور و ڕۆژهەڵاتی سوریا ئەندامی ئەنجومەنی گەلانی دیموکراتین.
٥- ئەنجومەنی دیموکراتی گەلانلە سەرۆکایەتیی هاوبەش(هاوسەرۆک) و چوار جێگر پێکدێت. ناویان دوای کۆدەنگی نوێنەرانی ئەو گروپ و توێژە کۆمەڵایەتیانەی کە لە ئەنجومەنی دیموکراتی گەلاندا ئامادەن، پێشنیار دەکرێت بۆ ئەنجومەن. سەرۆکایەتی هاوبەش بە ڕەزامەندی ٢/٣ی دوو لەسەر سێی ژمارەی تەواوی ئەندامانی ئەنجومەن هەڵدەبژێردرێت. لە کاتێکدا ئەندامانی دەستەی سەرۆکایەتی بە دەنگی (٥٠ + ١) هەڵدەبژێردرێن لە بەشداربووانی دانیشتنی ئەنجومەنی دیموکراتی گەلان.
٦- ئەنجومەنی دیموکراتی گەلانلە ڕێگەی لیژنەکانەوە کاردەکات. بڕیاری کۆتایی دادەڕێژێت و پرۆژەکان دەخاتە بەردەم کۆبوونەوەی ئەنجومەنی گەلانی دیموکرات. دەتوانێت لە کاتی پێویستدا لیژنە پێویستەکان پێکبهێنێت.
٧- بە پێی بنەماکانی پەیڕەوی ناوخۆ چالاکییەکانی بەڕێوە دەبات.

مادەی ٩٣

## ئەرکەکانی ئەنجومەنی گەلانی دیموکرات

١- هاوسەرۆک- سەرۆکایەتی هاوبەشی ئەنجومەنی جێبەجێکردن بە زۆرینەی دوو لەسەر سێ هەڵدەبژێرێت و ڕادەسپێردرێ بۆ پێشکەشکردنی پێکهاتەی ئەنجومەنی جێبەجێکردن لە ماوەی مانگێک لە پێدانی متمانە. هەروەها مافی ئەوەی هەیە متمانە لە ئەنجومەنی جێبەجێکردن یان یەکێک لە ئەندامەکانی وەربگرێتەوە، دەستەی سەرۆکایەتی هاوبەش و ئەندامانی ئەنجومەنی جێبەجێکردن لە نێوان هەڵبژێردراوانەوە، هەڵدەبژێردرێن. لە ئەگەری قبوڵنەکردنی، ناوی نوێ لەلایەن سەرۆکایەتی هاوبەشی ئەنجومەنی جێبەجێکردنەوە پێشنیار دەکرێت، کە 80% (لەسەدا هەشتا)ی ئەندامانی ئەنجومەن و 20% (لەسەدا بیست)ی پسپۆری تێدایە، و کە تێیدا سازان پێرەودەکرێت لە نێوان گروپە نەتەوەیی و ئایینییەکان و کانتۆنەکان لە کاتی هەڵبژاردنی

سەرۆکایەتی هاوبەشی ئەنجومەنی جێبەجێکردن، بەجۆرێک نوێنەرایەتی دادپەروەرانە بێت. نوێنەرایەتی ژنان یەکسانە بە نوێنەرایەتی پیاوان.

٢- بە شێوەیەکی وەرزی و لە کاتی پێویست کۆدەبێتەوە. سیاسەتی گشتی دادەڕێژێت و ئامانجی ستراتیژی دیاری دەکات لەسەر ئاستی هەرێم کە لە دەرەوەی دەسەڵاتی کانتۆنەکانە. باس لە پڕۆژە پێشنیار کراوەکان دەکات لە هەموو بوارەکاندا و، پلان دادەنێت.

٣- ئەنجومەن، هەردوو حاڵەتی ئاشتی و شەڕ لە چوارچێوەی بەڕێوەبەری خۆسەری دیموکراتی باکور و ڕۆژهەڵاتی سوریا پەسەند دەکات، بە بەشداری ئەنجومەنی کانتۆنەکان و ئەنجومەنی ژنان لە باکور و ڕۆژهەڵاتی سوریا.

٤-ئەنجومەنی دیموکراتی گەلانیاسا دادەنێت و یاسا دەردەکات سەبارەت بە هەرێمی باکور و ڕۆژهەڵاتی سوریا، بەبێ ئەوەی دەستوەردان لە کاروباری کانتۆنەکان بکات.

٥- بەدواداچوون بۆ کاری دەستە جێبەجێکارەکان دەکات لە ڕێگەی لێژنەکانەوە و، لێژنەکان ڕاپۆرتەکانیان پێشکەش بە ئەنجومەن دەکەن.

٦- ڕەزامەندی لەسەر سەرۆکایەتی هاوبەشی(هاوسەرۆکی) ئەنجومەنی دادپەروەری کۆمەڵایەتی بۆ باکور و ڕۆژهەڵاتی سوریا دەدات، کە ناوەکانیان لەلایەن ئەنجومەنی دادپەروەری باکور و ڕۆژهەڵاتی سوریا پێشنیار کراوە.

٧- ئەو ناوانە پەسەند دەکات کە لەلایەن دەزگای ئاسایشی ناوخۆ بۆ فەرماندەیی گشتی هێزەکانی ئاسایشی ناوخۆ پێشنیار کراون، ئەنجومەنیش سەرپەرشتی چالاکییەکانیان دەکات.

٨- پەسەندکردنی ئەندامانی کۆمسیۆنی باڵای هەڵبژاردنەکان کە ناوەکانیان لەلایەن ئەنجومەنی داد و ئەنجومەنی گەلان بۆ کانتۆنەکە پێشنیار کراوە، بە ڕێککەوتنی ئەنجومەنی داد و ئەنجومەنی دیموکراتی گەلانبۆ باکور و ڕۆژهەڵاتی سوریا. بە دەنگی دوو لەسەر سێی ئەندامانی ئەنجوومەنی دیموکراتی گەلان دەبێت و، ئەگەر نەگەیشتنە ڕێژەی یاسایی، دوادەخرێت بۆ دانیشتنێکی دیکە و بە دەنگدان بە ڕێژەی ٥٠ + ١ هەڵدەبژێردرێن.

٩- ڕەزامەندی لەسەر دانان و پلەبەرزکردنەوەی فەرماندەیی گشتی هێزەکانی سوریای دیموکرات دەدات، هەروەها سەرپەرشتی چالاکیەکانی دەکات.

١٠- لێکۆڵینەوە و بڕیار لەسەر ئەو پەیماننامە و ڕێککەوتنانە دەدات کە بەناوی بەڕێوەبەری خۆسەری دیموکراتی باکور و ڕۆژهەڵاتی سوریا لەگەڵ گەلان، دەوڵەتان، دامەزراوەکان یان بە هەماهەنگی لەگەڵ ئەنجومەنی گەلان لە کانتۆنەکاندا کراوە، و پەسەندیان دەکات.

١١- دەتوانرێت دانیشتنی ئەنجومەنی دیموکراتی گەلانلە حاڵەتە نائاساییەکاندا بۆ ماوەی شەش مانگ درێژبکرێتەوە، لەسەر داوای چارەکی ئەندامان یان دیوانی ئەنجومەن و بە ڕەزامەندی دوو لەسەر سێی ئەندامانی ئەنجومەن.

١٢- پەسەندکردنی پەیوەستبوونی هەرێمێک یان کانتۆنێک بە ئیدارەی خۆسەری دیموکراتی باکور و ڕۆژهەڵاتی سوریا بە بەشداری ئەنجومەنی کانتۆنەکان دوای ئەوەی ئەو هەرێمە گرێبەستی کۆمەڵایەتی بەدەنگی دوو لەسەر سێی ئەندامانی ئەنجومەن قبوڵ بکات، لە ئەگەری ئەوەی کە ڕێژەی یاسایی بەدەست نەهێنرا، دانیشتنەکە دوادەخرێت و دەنگەکان بە ڕێژەی ٥٠ + ١ پەنجا لەگەڵ یەک وەردەگیرێت.

١٤- تاوتوێکردن و پەسەندکردنی بودجەی گشتی بۆ بەڕێوەبەری خۆسەری دیموکراتی باکور و ڕۆژهەڵاتی سوریا بە بەشداری ئەنجومەنی کانتۆنەکان.

١٥- پەسەندکردن و پێدانی لێبوردنی گشتی لە ئیدارەی خۆسەری دیموکراتی باکور و ڕۆژهەڵاتی سوریا لە دۆسیە پێویستەکان لەسەر پێشنیاری ئەنجومەنی دیموکراتی گەلانیان ئەنجومەنی داد.

مادەی ٩٤

## ئەرکەکانی نووسینگەی ئەنجومەنی گەلان:

١- ئەنجومەنی دیموکراتی گەلان نوێنەرایەتی لە ناوچەی باکور و ڕۆژهەڵاتی سوریا هەیە. بەرپرسیارە لە ڕێکخستن و هەماهەنگی و جێبەجێکردن و سەرپەرشتیکردنی هەموو چالاکییەکانی ئەنجومەن.

٢- لێژنەکان چالاک دەکات و، چاودێری و سەرپەرشتیان دەکات.

مادەی ٩٥

## ئەنجومەنی جێبەجێکاری ئیدارەی خۆسەری دیموکراتی باکور و ڕۆژهەڵاتی سوریا

١- هاوسەرۆکایەتییەکانی ئەنجوومەنی جێبەجێکردنی کانتۆنەکان ئەندامی ئەنجومەنی جێبەجێکاری بەڕێوەبەری خۆسەرن لە باکوور و ڕۆژهەلاتی سوریا، هەروەها مافی ئەوەیان هەیە بەشداری کۆبوونەوەکانی ئەنجومەنی جێبەجێکردنی بەڕێوەبەری خۆسەری دیموکراتی بکەن و بەشداری گفتوگۆ و بڕیاردان بن.
٢- هاوسەرۆکایەتییەکانی ئەنجوومەنی جێبەجێکردنی کانتۆنەکان مافی ئەوەیان نییە خۆیان کاندید بکەن بۆ هاوسەرۆکایەتی و ئۆرگانەکانی سەر بە ئەنجومەنی جێبەجێکردنی بەڕێوەبەری خۆسەریی.
٣- سەرۆکایەتی هاوبەش نوێنەرایەتی ئەنجومەنی جێبەجێکردن دەکات و ئاڕاستەی چالاکیەکانی دەکات.

مادەی ٩٦

ئەرکەکانی ئەنجومەنی جێبەجێکاری بەڕێوەبەری خۆسەریی دیموکراتی

١- بڕیارەکان جێبەجێ دەکات و ئەو سیاسەتانە جێبەجێ دەکات کە ئەنجوومەنی دیموکراتی گەلان لە بەڕێوەبەری خۆسەری دیموکراتی باکور و ڕۆژهەلاتی سوریا لە ڕێگەی ئۆرگانەکانی جێبەجێکردنەوە داڕێژراون و دیارییان کردووە.
٢- چالاکی دیپلۆماسی بە ناوی ئیدارەی خۆسەری دیموکراتی باکور و ڕۆژهەلاتی سوریا ئەنجام دەدات.
٣- دەستەبەرکردنی هەماهەنگی و یەکترتەواوکردن لەنێوان کانتۆنەکان لە بوارەکانی سیاسی و ئابوری و کۆمەلایەتی و ڕۆشنبیریدا.
٤- دەسەلاتەکانی ئەنجومەنی جێبەجێکاری باکور و ڕۆژهەلاتی سوریا بە پێی پرەنسیپی کۆنفیدراڵی دیموکراسی بە یاسا دیاری دەکرێت لەسەر بنەمای سازان لەگەڵ کانتۆنەکان لە چوارچێوەی گرێبەستی کۆمەلایەتی.
٥- ڕاپۆرتەکانی پێشکێش بە ئەنجومەنی دیموکراتی گەلان لە بەڕێوەبەری خۆسەری دیموکراتی باکور و ڕۆژهەلاتی سوریا، دەکات.
٦- ئەنجومەنی جێبەجێکاری بەڕێوەبەری خۆسەری دیموکراتی باکور و ڕۆژهەلاتی سوریا لە ڕێگەی دەستەکانییەوە یا ئۆرگانەکانییەوە خۆی ڕێکدەخات.
٧- هەر دەستەیەک یا ئۆرگانێک لە سەرۆکایەتی هاوبەشی ئۆرگانەکە و سەرۆکایەتی هاوبەشی ئەنجومەنی ئۆرگانەکە و ژمارەیەکی پێویست لە ئەندامان پێکدێت.

مادەی ٩٧

## ئەنجومەنی دەستەکان و لێژنەکانی کارگێڕی

سیستەمی کۆمەلایەتی ئێمە پشت بە پرەنسیپی کۆنفیدراڵی دیموکراسی دەبەستێت و لەسەر ئەم بنەمایە هەموو ئۆرگانێک بە گوێرەی ئەنجومەنەکان خۆی ڕێکدەخات، لە شارۆچکە و شار و کانتۆن و هەرێمی باکور و ڕۆژهەلاتی سوریاوە دەست پێدەکات. بەم شێوەیە ڕۆڵێکی گرنگ دەگێڕێت لە چەسپاندنی سیستەمی دیموکراسیدا. هەر ئۆرگانێک بە پێی میکانیزمی ئەنجومەن کار دەکات، ئەم ئەنجومەنانە گفتوگۆ لە بابەتەکانی پەیوەست بە کاری ئەو لیژنەیە یان ئەو دەستەیە دەکەن کە دەکەوێتە چوارچێوەی بازنەی خۆیەوە و، کار لەسەر ڕێکخستنی ئەکادیمیاکانی پەیوەست بەوانەوە دەکەن، بۆ ئەوەی ئەو کەسانە پێبگەیەنن کە لە چوارچێوەی بازنەی خۆیاندا کار دەکەن. ئەم ئەنجومەنانە نوێنەری دامەزراوە و سەندیکاکانی پەیوەندیدار بە هەر ئۆرگان و لیژنەیەک لەخۆدەگرن. هاوسەرۆکانی خۆی هەڵدەبژێرێت و بەپێی پێویستییەکانیان لێژنەکانی پەیوەست بە ئەنجومەنەکە پێکدەهێنێت، هاوسەرۆکانی ئەو ئەنجومەنانە ئەندامی ئەنجومەنی شارۆچکە و شار وکانتۆنەکان و ئەنجومەنی دیموکراتی گەلانن، کاتێک ئەنجومەنەکانی گەل گفتوگۆ لەسەر هەر بڕیارێک دەکەن کە کاریگەری لەسەر هەر دەستەیەک یان لیژنەیەک هەبێت، دەبێت کارەکان بە هەماهەنگی لەگەڵ ئەنجومەنی پەیوەندیدار سەبارەت بەو بڕیارە ئەنجام بدرێت، ڕەشنووسی بڕیارنامەکە بە ڕێککەوتن لەگەڵ ئەوان دەخرێتەڕوو. هەرچی سەبارەت بەو بابەتە پەیوەندیدارانە بە هەر دەستەیەک یان لیژنەیەکی ناوخۆدا، ئەنجومەنەکەی بڕیاریان لەسەر دەدات. لە ژیانی کۆمەلایەتیدا یەکترتەواوکردن هەیە، بۆیە دەبێت پەیوەندییەکی هەماهەنگی لە نێوان دەستەی سەرجەم ئۆرگان و لیژنەکاندا هەبێت.

مادەی ٩٨

**ئەنجومەنی پەروەردە:** پێکدێت لە نوێنەری دامەزراوە و ئۆرگانەکانی پەیوەندیدار بە پەروەردە و فێرکردن، نوێنەرانی ئەنجومەنی زانکۆ، دەستەی پەروەردە وفێرکردن، دامەزراوەی پرۆگرامەکان، دەزگای زمان، یەکێتی مامۆستایان، نوێنەری ستافی وانەبێژان، ناوەندەکانی توێژینەوە و خوێندن، لێژنەکانی ژنۆلۆژیی، و نوێنەرانی کۆمۆنەکان و ئەنجومەنەکانی جەماوەر و نوێنەرانی یەکێتی خوێندکاران. ستراتیژی پەروەردەیی و فێرکردن دادەڕێژێت، لەناو بەڕێوەبەری خۆسەریی دیموکراتیکدا بە زمانە فەرمییەکان و زمانەکانی دیکە سیستەمی فێرکردن بەڕیوەدەچیت، گرنگی بە هۆشیاریی جەماوەریی دەدات، پەرە بە زهنیەتی نەتەوەی دیموکرات دەدات، لە قۆناغی باخچەی ساوایانەوە دەستپێدەکات تا قۆناغی زانکۆ. پرۆژەی پەروەردەیی و

پرۆگرامی پەروەردەیی و ڕۆشنبیری و زانستی پەرەپێدەدات. لە پێناو هەموو چین و توێژەکانی کۆمەڵگا، پەرە بە دامەزراوە تایبەتمەندەکان دەدات بۆ کارەکانی و، ئەکادیمیاکان دەکاتەوە کە کار بۆ پێگەیاندنی ستافی پەروەردەیی دەکەن.

مادەی ٩٩

**ئەنجوومەنی ڕۆشنبیری و ڕۆشنگەری:** لە نوێنەرانی ئەکادیمیاکانی هونەر و ڕۆشنبیری، کۆمیتەی زانیاری، کۆمیتەی ئەکادیمیاکانی کۆمەڵگەی دیموکراتیک، نوێنەری ناوەند و کۆمەڵە ڕۆشنبیرییەکان، سەندیکای ڕۆشنبیران و هونەرمەندان و نوێنەری کۆلێژەکانی پەیوەندیدار پێکدێت ئەوان. بە شێوەیەکی تایبەت خۆی ڕێکدەخات. پەرە بە چالاکییە فیکری و ڕۆشنگەری و هونەری و ڕاهێنانەکان دەدات لە ڕێگەی ئەکادیمیا و ناوەندە ڕۆشنبیرییەکانەوە، بۆ چەسپاندنی بەهاکانی ژیانی بەشداریی و دیموکراسی و بەرهنگاربوونەوەی چەمکی مۆدێرنیتی سەرمایەداری کە بازرگانی بە هونەرەوە دەکات و میدیا بەکاردەهێنێت بۆ دابەزاندنی بەها کۆمەڵایەتییەکان و میراتی کولتووری گەلان. ئەنجومەن ستافی ئەکادیمی تایبەتمەند ئامادە دەکات.

مادەی ١٠٠

**ئەنجومەنی بنەماڵەی شەهیدان و بریندااران و دیلەکانی جەنگ**

ماڵباتی شەهیدان و ماڵبەتەکانی بریندااران و دیلەکانی شەڕ بە بەها ریشییەکانی شۆڕش دادەنرێت. ئەنجومەن هەڵدەستێ بە ڕێکخستنی ماڵباتی شەهیدان و ماڵبەتەکانی بریندار و دیلەکانی شەڕ و پێداویستییە ماددی و مەعنەوییان دابین دەکات. کاردەکات بۆ ئەوەی لە هەموو بوارەکاندا ڕۆڵێکی کاریگەر بگێڕن. بەمەبەستی بەخاوەن دەرکەوتن بۆ بریندارانی جەنگ و بەهێزکردنیان بە شێوەیەکی پیشەیی، پەرە بە ئەکادیمیا و ناوەندە تایبەتمەندەکان دەدات و، کاردەکات بۆ دەستەبەرکردنی هەلی کار بۆیان و ژیانێکی شایستە بۆ ئەو کەسانەی کە ناتوانن کاربکەن.

مادەی ١٠١

**ئەنجومەنی ژینگە:** پێکدێت لە نوێنەری ڕێکخراوە پەیوەندیدارەکان، دامەزراوەکان، کۆمەڵەکان، شارەوانییەکان، نوێنەری ئەنجومەنی تەندروستی و ئابووری. ئەنجومەن پەرە بە هۆشیاری ژینگەیی دەدات، بەهاکانی ژیان لەگەڵ ژینگەدا هەماهەنگە، دەچەسپێنێت، هەروەها بە هاوکاری و هەماهەنگی لەگەڵ هەموو ئەنجومەنەکانی دەستە ولێژنەکان دەکات بۆ پەرەپێدانی چەمکی کولتووری ئیکۆلۆژی لە هەموو بوارەکانی ژیان. کار بۆ پەرەپێدانی پیشەسازی ژینگەیی دەکات و لەهەمبەر هەموو چالاکییە پیشەسازییەکان و بیناسازییەکان دەوەستێتەوە کە زیان بە ژینگە دەگەیەنن، کاری هاوبەش لەگەڵ بزووتنەوە ئیکۆلۆژییەکان لە باکور و ڕۆژهەڵاتی سوریا و لەسەر ئاستی هەرێمی و جیهانی ئەنجام دەدات.

مادەی ١٠٢

**ئەنجومەنی کاروباری کۆمەڵایەتی و زەحمەتکێشان:**

پێکهاتووە لە ڕێکخراو و دامودەزگاکانی تایبەت بە کاروباری کرێکاران، جووتیاران، زەحمەتکێشان، پیشەوانان، کەسانی خاوەن پێداویستی تایبەت، و ئاوارە و پەنابەران، بە مەبەستی دەستەبەرکردنی بەشداری کاریگەریان لە ژیانی کۆمەڵایەتی و دەستەبەرکردنی هەلی کار بۆیان ،بۆ ئەوە هەڵدەستێ بە پەرەپێدان بە یەکێتییەکان ، هەرەوەزییەکان فیدراسیۆنەکان، و خوێندنگا پیشەییەکان، بۆ بەشداریکردن لە دامەزراندنی سیستەمێکی کۆمەڵگەیی دیموکراسی. خەڵکی زەحمەتکێش ئەو گرووپە بنەڕەتییەن کە بەشدارن لە بنیاتنانی کۆمەڵگایەکی دیموکراسی و چەسپاندنی سیاسەتی دیموکراسی. ئەنجومەن پرۆژەیەک پەرەپێدەدات کە پەرە بە لایەنە کۆمەڵایەتی و کولتوورییەکانی خەڵکی کرێکار دەدات. کاردەکات بۆ بنیاتنانی سیستەمێکی ئابووری کە بەها بۆ کارکردنی ژنان دێنێتەدی. هەروەها کەسانی خاوەن پێداویستی تایبەت ڕێکدەخات و ئەکادیمیا و سەنتەری تایبەت دەکاتەوە کە کار بۆ بەهێزکردنیان لە ڕووی دەروونی و پیشەییەوە بکات و، پاڵپشتی دارایی بۆ ئەو کەسانە پێشکێش دەکات کە پێداویستییەکانی خۆیانیان پێدابین ناکرێت.

مادەی ١٠٣

**ئەنجومەنی مافەکان:** لە دامەزراوەکانی مافپەروەری پێکدێت لە نوێنەرانی سەندیکای پارێزەران، نوێنەرانی ڕێکخراوەکانی پەیوەندیدار بە مافەکانی مرۆڤ و مافەکانی ژنان، نوێنەرانی ئەنجومەنی داد و کۆلێژە پەیوەندیدارەکان. یاسا و ڕێساکان لەسەر بنەمای ئەخلاق و بنەما دیموکراسیەکانی مافەکان لە بەڕێوەبەری خۆسەری دیموکراسیدا پەرەپێدەدات. بۆئەوەی ئەو یاسایانەی دەردەچن لەگەڵ گرێبەستی کۆمەڵایەتیدا بگونجێت، بە هەماهەنگی لەگەڵ لێژنەکانی ئەنجومەنی دیموکراتی گەلان کاردەکات، هەڵدەستێ بە چاودێریکردن و بەڵگەنامەکردن و بەدواداچوون بۆ پێشێلکارییەکانی مافی مرۆڤ و تاوانەکانی جەنگ کە دژی دەڤەرەکانی باکور و ڕۆژهەڵاتی سوریا و، ناوچە داگیرکراوەکان ئەنجام دەدرێت. لەگەڵ دامەزراوەکانی پەیوەندیدار بە مافی

مرۆڤ و ڕێکخراوەکانی مافپەروەریی کاردەکات. هەڵدەستێ بە ئەنجامدانی چالاکییەکان بۆ گەیشتن بە شەرعییەتی یاسایی بەڕێوەبەری خۆسەری دیموکراسی.

مادەی ١٠٤

**ئەنجوومەنی تەندروستی:** پێکدێت لە نوێنەری دامەزراوە و کۆمەڵە پەیوەندیدارەکان بە تەندروستی، هەروەها نوێنەری سەندیکای پزیشک و دەرمانساز و پزیشکی ددان و سەندیکای پیشە تەندروستییەکان و نوێنەرانی ئەنجوومەنی ژینگە و شارەوانی و ئابووری و نوێنەری کۆلێژ و پەیمانگا پەیوەندیدارەکان. ئەو پرۆژە و پلانی ستراتیژی دادەڕێژێت کە خزمەت بە پرسە تەندروستییەکانی کۆمەڵگا دەکەن. پەرە بە دامەزراوەکان دەدات و پاڵپشتی ئەو قەوارانە دەکات کە لەم بوارەدا کاردەکەن، هەروەها ڕۆڵی هەماهەنگی لە نێوانیاندا دەگێڕێت، کاردەکات بەگوێرەی پرەنسیپی تەندروستی ، کە لە ژیانی ئیکۆلۆژییەوە دەست پێدەکات تا دەگاتە بیناکردنی کۆمەڵگەیەکی ئازاد. بەمەبەستی پەرەپێدانی بواری خزمەتگوزاری و بیمەی تەندروستی، هەڵدەستێ بە پەرەپێدانی بەو ئەکادیمیایانە کە هۆشیاری کۆمەڵایەتی و زانستی لەنێو کارمەندانی تەندروستیدا ئەنجام دەدەن، هەروەها هەوڵدەدات خزمەتگوزاری تەندروستی بەبێ بەرامبەر پێشکەشی هەمووان بکات. دژی هەموو جۆرە ئیستغلال و بازرگانیکردنێکە دەبێت لە بواری تەندروستیدا.

مادەی ١٠٥

**ئەنجومەنی ئابووری و کشتوکاڵ:**

پێکهاتووە لە نوێنەرانی دامەزراوە ئابوورییەکان، فیدراسیۆنی کۆمەڵەکانی جووتیاران، بەخێوکەرانی سامانی ئاژەڵیی، ژوورەکانی بازرگانی و پیشەسازی، سەندیکای پیشەسازییەکان، ناوەندەکانی توێژینەوە، و نوێنەرانی کۆلێژە تایبەتمەندەکانی ئەندازیاران، پزیشکانی ڤێتێرنەری و ئەندازیارانی کشتوکاڵی.

هەڵدەستێ بە پەرەپێدان و بەجێبەجێکردنی سیستەمی ئابووری کۆمەڵگەیی کۆنفیدراڵی دیموکراتی، کە بە شێوەیەکی سەرەکی لەسەر بنەمای ئابووری ژینگەیی و بەشداریکردن و کۆمەڵگەیی دامەزراوە. دژایەتی هەموو جۆرە قۆرخکارییەک دەکات و کاردەکات بۆ پەرەپێدانی پرەنسیپ و چەمکی هاوبەشکردنی وزە و زەوی و ئاو. ئەو ئەکادیمیایانە دەکاتەوە کە کارمەندانی ئابووری شایستە ئامادە دەکەن. ئەو هەرەوەزانە دادەمەزرێنێت کە ئابووری هاوبەش بەدەست دەهێنن، هەروەها پرۆژە لە بواری دەستەبەرکردنی سەرچاوە بۆ هاوردە و وەبەرهێنان پەرەپێدەدات. لەگەڵ دەزگا و لێژنەکانی دارایی بە هەماهەنگی کاردەکات بۆ کردنەوەی ڕێگا بۆ وەبەرهێنانی دارایی لە کایەی ئابووری کۆمەڵگەییدا.

مادەی ١٠٦

**ئەنجوومەنی پەیوەندییەکانی دەرەوە:** پێکدێت لە نوێنەری ئەو دامەزراوانەی کە لە بواری دیپلۆماسیدا کاردەکەن لە چوارچێوەی بەڕێوەبەری خۆسەری دیموکراتیک لە باکور و ڕۆژهەڵاتی سوریا و نوێنەرانی کۆلێژە زانستە سیاسییەکان. کاری پەیوەندییەکانی دەرەوە ڕێکدەخات و جێبەجێی دەکات، ستراتیجی کارەکەی بەگوێرەی پرەنسیپەکانی نەتەوەی دیموکرات دادەنێت و بەرژەوەندی گەلان و چارەسەری ئاشتیانە دەکاتە بنەمایەک لە پەرەپێدانی پەیوەندییەکاندا. پەرە بە چالاکییەکانی دەدات لە پێناو گەیشتن بە سیستەمێکی دیموکراسی لە سوریا و ناوچەکە و جیهاندا. ئەکادیمیای ڕۆشنبیری و پیشەیی دەکاتەوە بۆ ئەوەی کادیری دیپلۆماسی ئامادەبکات.

مادەی ١٠٧

**ئەنجومەنی ئایین و بیروباوەڕ:**

پێکدێت لە نوێنەری دامەزراوە ئاینییەکان لە باکور و ڕۆژهەڵاتی سوریا و نوێنەرانی کۆلێژی زانستە ئاینییەکان.

کاردەکات بۆ ئاسانکاری و پراکتیزەکردنی هەموو گروپە ئایینییەکان و بیروباوەڕەکان لە پەرستن و ڕێوڕەسمەکانیان لە ژیانی کۆمەڵایەتیدا بە ئازادی و بەپێی تایبەتمەندیەکانیان، پەرە بە دامەزراوە ئایینییەکان دەدات کە لەگەڵ زهنیەتی نەتەوەی دیموکراتیکدا یەکدەگرێتەوە، دژایەتی چەمکە کۆنەپەرست و توندڕۆکانی دەوڵەت نەتەوە و نادیموکراسیەکان دەکات کە جیاوازی لە نێوان ئایین و مەزهەب و بیروباوەڕەکاندا دەکات، کاردەکات بۆ پەرەپێدانی ئەخلاقی ئازادی و چەمکی لێبوردەیی نێوان ئایین و بیروباوەڕەکان.

مادەی ١٠٨

## ئەنجومەنی لاوان

هێزی پێشەنگی شۆڕشە لە باکور و ڕۆژهەڵاتی سوریا، ڕۆڵی پێشەنگ لە بنیاتنانی سیستەمێکی کۆنفیدراڵی دیموکراتیک دەگێڕێت و بەپێی ئەو پرەنسیپە خۆی ڕێکدەخات. ڕێکخراوە لیبراڵ و دیموکراسیەکانی گەنجان لەخۆدەگرێت،و، خۆی بە شێوازێکی تایبەت بەرێکخستن. خۆی لە شێوەی کۆمۆن و ئەنجومەن و کۆمەڵە و ئەکادیمیا و هەرەوەزەکاندا ڕێکدەخات. نوێنەرایەتی هەموو گەنجان دەکات لە باکور و ڕۆژهەڵاتی سوریا و بڕیارەکانی پەیوەست بە گەنجان دەدات؛ خۆی ڕێکدەخات لە بوارە هزری و فەرهەنگی و ئابووری و سیاسی و دیپلۆماسییەکاندا، لە گوند و شارۆچکە و شار و کانتۆنەکان. سیاسەت و پرۆژەی ستراتیژی پەیوەست بە گەنجان دادەڕێژێت. پەرە بە چەمکی دیموکراسی و سۆسیالیستی بۆ هونەر و وەرزش دەدات، بەرهەڵستی هەموو ئەو پراکتیزە بێ ئەخلاقیانە دەکات کە مۆدێرنیتی سەرمایەداری لە ڕێگەی هونەر و پیشەسازیی وەرزشی و قۆرخکارییەوە بەرامبەر گەنجان پراکتیزەی دەکات. ڕۆڵی پێشەنگ دەگێڕێت لە ڕێکخستنی هێزی پاراستنی کۆمەڵگا بۆ گەنجان. ژنانی گەنج بە تایبەتی خۆیان ڕێکدەخەن و ڕۆڵی پێشەنگ لە پەرەپێدانی سیستەمی کۆنفیدراڵی دیموکراتیدا دەگێڕن. ئەنجومەن بەپێی ڕێسا ناوخۆییەکانی خۆی کارەکانی ڕێکدەخات.

### بەشی سێیەم

مادەی ١٠٩

## سیستەمی شارەوانی دیموکراسی لە باکور و ڕۆژهەڵاتی سوریا:

١- شارەوانییەکان بەپێی یەکێتی شارەوانی دیموکرات لە باکور و ڕۆژهەڵاتی سوریا خۆیان ڕێکدەخەن.

٢- ئەنجوومەنی شارەوانی و هاوسەرۆکایەتیەکەی لە دوو ساڵدا یەکجار لەلایەن خەڵکەوە هەڵدەبژێردرێت.

٣- شارەوانییەکان نوێنەرایەتی خۆیان لە ئەنجوومەنە جەماوەرییەکان و ئەنجوومەنی جێبەجێکردنی ئەنجومەنەکاندا دەکەن.

٤- شارەوانییەکان لە کارەکانیاندا سیستمی دیموکراسی ڕاستەوخۆ دەگرنەبەر.

٥- شارەوانییەکان لە نێوان خۆیاندا هەماهەنگی دەکەن لە ڕێگەی ڕێکخەرێکەوە کە لەلایەن ئەنجومەنی یەکێتی شارەوانی دیموکراتیک لە باکور و ڕۆژهەڵاتی سوریا کاندید کراوە.

### بەشی چوارەم

مادەی ١١٠

ئەنجوومەنی ژنان لە باکور و ڕۆژهەڵاتی سوریا خۆی ڕێکدەخات لە کۆمۆن، شارۆچکە، شار، کانتۆن و هەرێم دەست پێدەکات.

لەسەر ئەم بنەمایە:

١-ئەو ئەنجومەنەیە کە نوێنەرایەتی ژنان دەکات لە باکور و ڕۆژهەڵاتی سوریا. ژنان لە مەجلیسی گەلانی دیموکراتی نوێنەرایەتیان هەیە.

٢- سیاسەت و پلانی ستراتیژی تایبەت بە ژنان دادەڕێژێت.

٣- کار بۆ بنیاتنانی سیستمێکی کۆنفیدراڵی بۆ ژنان لە باکور و ڕۆژهەڵاتی سوریا دەکات.

٤- دەستکەوتەکانی شۆڕشی ژنان بەردەوامی پێدەدات و دەیپارێزێت و پەرەی پێدەدات.

٥- بڕیار سەبارەت بە ژنان دەدات.

٦- یاساکانی پەیوەست بە ژنان و خێزان ڕێکدەخات و دەیانخاتە بەردەم مەجلیسی گەلانی دیموکرات بۆ دەرچوواندنی.

٧- کار بۆ پەروەردەکردن و ڕێکخستنی ژنان و بنیاتنانی خێزانی دیموکراسی و پاراستنی مافەکانی ژنان لە هەموو بوارەکاندا دەکات.

٨- کار بۆ چەسپاندنی پرەنسیپە دیموکراسیەکان دەکات لە بەڕێوەبەری خۆسەری دیموکراتی لە باکور و ڕۆژهەڵاتی سوریا.

٩- کار لەسەر داڕشتنی گرێبەستی کۆمەڵایەتی بۆ ئافرەتان دەکات.

١٠- ئەنجومەن دوو ساڵ جارێک هەڵدەبژێردرێت، بە دەنگدانی ژنان لە باکور و ڕۆژهەڵاتی سوریا.

١١-ئەنجومەنی جێبەجێکار یا ڕاپەراندنی ئەنجومەنی ژنان لە باکوور و ڕۆژهەڵاتی سوریا هەڵدەبژێردرێت.

١٢- کۆمیتەی هەماهەنگی ژنان کە کار بۆ ڕێکخستنی کاروباری ژنان لە بەڕێوەبەری خۆسەری دیموکراتی دەکات، ئەندامی ئەنجومەنی ژنانە بۆ باکوور و ڕۆژهەڵاتی سوریا.

١٣-ئەنجومەنی ژنان بەپێی ڕێسا وپەیڕەو ناوخۆییەکان کارەکانی ڕێکدەخات.

**بەشی پێنجەم**

مادەی /١١١

## پاراستن و بەرگریکردن لە خۆ:

خۆپاراستن زامن و بەردەوامی ژیانە و لەسەر بنەمای ماف و ئەرکی بەرگریکردن لە بوون، پێویستی بە دامەزراندنی سیستەمێکی خۆپاراستن هەیە بەپشتبەستن بە هۆشیاری پاراستنی رەوا و بە کۆمەڵگەی دیموکراسی رێکخراو لە باکور و رۆژهەڵاتی سوریا لە رێگەی:

آ- هێزەکانی پاراستنی کۆمەڵگا:

١- هێزەکانی پاراستنی کۆمەڵگا ئەو هێزانەن کە بەرپرسیارن لە پاراستنی باکور و رۆژهەڵاتی سوریا و دەستەبەرکردنی پاراستنی گیان و ماڵی هاولاتیان لە بەرامبەر هەموو هێرش و داگیرکارییەک.

٢- هێزی پاراستنی کۆمەڵگا بە بەشداری هەموو هاولاتییان رێکدەخرێت، بەرگری لەخۆ ماف و ئەرکە بۆ هەموو هاوولاتییەک. بۆ هەموو کۆمەڵگایەک؛ نەتەوەیی و ئایینییەکان کە رێکخراون بە شێوەیەکی کاریگەر بەشداری لە سیستەمی بەرگریکردن لە خۆدا دەکەن، لە گەڕەک و گوند و شار و هەموو یەکەکانی نیشتەجێبوونەوە دەست پێدەکات.

٣- رێکخستنەکانی هێزەکانی پاراستنی کۆمەڵگە لەژێر سایەی فەرماندەیی گشتی هاوبەش رێکدەخرێن و، ئەم فەرماندەییە گشتیەش بەرپرسیارە لە ئەنجوومەنی گەلانی دیموکراتی و هێزەکانی سوریای دیموکرات و رێکخراوە ناوخۆییەکانی هێزەکانی پاراستنی کۆمەڵگەش بەرپرسیارن لە بەرامبەر ئەنجومەنە جەماوەرییەکانی خۆجێکان.

ب- هێزەکانی سوریای دیموکرات:

١- هێزەکانی سوریای دیموکرات هێزی پاراستنی رەوان لە بەڕێوەبەری خۆسەری دیموکراتی باکور و رۆژهەڵاتی سوریا.

٢- پشت بە خۆبەخشانەی کوڕان وکچانی گەل بۆ چوونە ناو ئەو هێزە و ئەرکی بەرگریکردن لە خۆ دەگرێتەبەر، دەبەستێت.

٣- چالاکییەکانی لەلایەن ئەنجومەنی دیموکراتی گەلانو دەسەلاتی بەرگرییەوە سەرپەرشتی دەکرێن.

٤- خۆی نیمچە سەربەخۆ لە چوارچێوەی سیستەمی کۆنفیدراڵی دیموکراتدا بۆ ناوچەی باکوور و رۆژهەڵاتی سوریا رێکدەخات.

٥- ئەرکی بەرگریکردنە لە بەڕێوەبەری خۆسەری دیموکراتی باکوور و رۆژهەڵاتی سوریا و لە هەموو خاکی سوریا و پاراستنیان لە ئەگەری هەر هێرشێکی یان مەترسییەکی دەرەکی.

٦- بەرپرسیارە لەبەردەم ئەنجومەنی گەلانی دیموکرات، کە سەرکردایەتی گشتی پەسەند دەکات.

ج- یەکینەکانی پاراستنی ژنان:

١- بەرگریکردن لە خۆ ماف و ئەرکێکە بۆ ژنان، و مافی خۆیانە لەناو پێکهاتەکانیدا خۆیان رێکبخەن.

٢- یەکینەکانی پاراستنی ژنان هێزی پاراستنی رەوان بۆ ژنان و کۆمەڵگا و خۆیان بە تایبەتی لەناو هێزەکانی سوریای دیموکراتدا رێکدەخەن.

د- دەزگای هەواڵگری نیشتمانی زانیاری کۆدەکاتەوە و بەرهنگاری مەترسییەکانی سەر ئاسایشی نەتەوەیی لە باکور و رۆژهەڵاتی سوریا دەبێتەوە، وەک دامەزراوەیەکی سەر بە هاوسەرۆکایەتی ئەنجومەنی راپەڕاندن یا جێبەجێکردن لە باکور و رۆژهەڵاتی سوریا یان جێگرەکانی، کاردەکات.

د- هێزەکانی ئاسایشی ناوخۆ:

١- ئەو هێزانەن کە ئاسایش و سەقامگیری لەناو دەڤەرەکانی بەڕێوەبەری خۆسەری دیموکراتی باکور و رۆژهەڵاتی سوریا دەپارێزن.

٢- پەیوەستە بە پەیوەستبوونی خۆبەخشانەی کوڕان و کچانی گەل لە باکور و رۆژهەڵاتی سوریا.

٣- چالاکییەکانی لە لایە ن ئەنجومەنە جەماوەرییەکانەوە سەرپەرشتی دە کرێن، و لە ڕووی کارگێڕی و رێکخراوە وە پە یوە ستن بە دامەزراوەی ناوخۆ.

٤- ژنان خۆیان لە چوارچێوەی پێکهاتەکانیاندا بە تایبەتی رێکدەخەن.

**بەشی شەشەم**

مادەی ١١٢

## سیستەمی دارایی لە بەڕێوەبەری خۆسەری دیموکراتی باکور و رۆژهەڵاتی سوریا

آ - بودجەی گشتی:

پلانێکی داراییە بۆ ماوەیەکی دیاریکراو کە فۆرمەکانی ڕەوتی کار لەم ماوەیەدا ڕوون دەکاتەوە، ئەویش بە پشتبەستن بە داهاتە گشتییە خەمڵێنراوەکان کە لەلایەن بەڕێوەبەری خۆسەری دیموکراتیەوە لە باکوور و ڕۆژهەڵاتی سوریا کۆدەکرێنەوە و، ئەو خەرجییە گشتیانەی کە گەرەکە لە  ساڵی دارایی داهاتوودا خەرج بکرێن، بەگوێرەی ئەمانەی خوارەوە:

١- ئەنجومەنی کانتۆن بە هاوبەشی لەگەڵ ئەنجومەنی شارۆچکە و شارەکان و ئەنجومەنی جێبەجێکاری کانتۆنەکە، بودجەی کانتۆنەکان ئامادە دەکات بۆ ئەوەی لەلایەن ئەنجومەنی گەلانەوە لە کانتۆنەکە پەسەند بکرێت.

٢- ئەنجومەنی دیموکراتی گەلانی باکور و ڕۆژهەڵاتی سوریا، بە هاوبەشی لەگەڵ ئەنجومەنی کانتۆنەکان، ئەنجومەنی جێبەجێکاری هەرێمی باکور و ڕۆژهەڵاتی سوریا، ئەنجومەنی دادپەروەری، ئەنجومەنی ژنان، بودجەی گشتی ئامادە دەکات و، پەسەندی دەکرێت.

٣- لەکاتی ئامادەکردنی بودجەدا، پێویستە چڕی دانیشتوان و ڕووبەری هەر کانتۆنێک و پێداویستییەکانی و، بارودۆخی تایبەتی هەر کانتۆنێک و بڕی ئەو بەخشینانەی لە دەرەوە بۆی دابین دەکرێت، لەبەرچاو بگیرێت.

٤-بودجەی گشتی ئەنجومەنی داد بۆ باکور و ڕۆژهەڵاتی سوریا بە بەشداری ئەنجومەنی داد لە شار و کانتۆنەکان دیاری دەکرێت بۆ ئەوەی بخرێتە ناو بودجەی گشتی و، لەلایەن ئەنجومەنی دیموکراتی گەلانەوە پەسەند دەکرێت.

ب - نوسینگەی ناوەندی پارە و پارەدان:

دامەزراوەیەکی پیشەیی سەربەخۆیە، لەلایەن ئەنجومەنی دیموکراتی گەلانی باکوور و ڕۆژهەڵاتی سوریا بە بەشداری ئەنجومەنی کانتۆنەکان پێکدەهێنرێت. بەرپرسیارە لە بەرامبەر ئەنجومەنی دیموکراتی گەلان و ملکەچی هیچ دامەزراوەیەکی سیاسی نییە. سیستەمێکی کاریگەر و پارێزراو دەستبەر دەکات  بۆ پارەدانی دارایی وگەرەنتیکردنی نەختینە و توانستی دارایی و پێکهێنانێکی کارامە بۆ سیستەمێکی بانکی جێگیر. سیستەمێکی دارایی پەرەپێدەدات کە ئابووری کۆمەڵگا دەپارێزێت و هانی دەدات. هاوسەرۆکایەتی نووسینگەکە لەلایەن ئەنجومەنی جێبەجێکاری باکور و ڕۆژهەڵاتی سوریاوە پێشنیار دەکرێت و لەلایەن ئەنجومەنی دیموکراتی گەلانەوە بە دەنگی دوو لەسەر سێی تەواوی ئەندامان پەسەند دەکرێت، لە ئەگەری نەگەیشتن بە ڕێژەیی یاسایی، دەنگەکان بە ٥٠ + ١ دەدرێن، پەنجا کۆ یەک، و ئەمەش بە یاسا ڕێکدەخرێت.

**بەشی حەوتەم**

مادەی ١١٣

## دامەزراوەی گشتی چاودێری دارایی و ژمێریاری:

١- ئەم دامەزراوەیە لەلایەن ئەنجومەنی دیموکراتی گەلان پێکدەهێنرێت. نیوەی ناوی ئەندامانی، ئەنجوومەنی دادپەروەری کۆمەڵایەتی و، نیوەکەی تریش لەلایەن ئەنجومەنی دیموکراتی گەلانەوە بە هاوبەشی لەگەڵ ئەنجومەنی کانتۆنەکان پێشنیار دەکرێت، دواتر لەلایەن ئەنجومەنی دیموکراتی گەلانەوە لەلایەن دوو لەسەر سێی ئەندامانی ئەنجومەنەوە پەسەند دەکرێت، لە ئەگەری ئەوەی ڕێژەی یاسایی تەواو بەدەستنەهێنا، دەنگدان بە ٥٠ + ١، پەنجا کۆ یەک، ئەنجام دەدرێت.

٢- دەستوەردان لە کارەکانی و بەرکەوتنی ئەندامەکانی ڕێگەپێدراو نییە بۆ هەر فشارێک کە کاریگەری نەرێنی لەسەر ئەدای کارکردنیان هەبێت.

٣- بەدواداچوون و چاودێری دارایی بەناوی ئەنجومەنی دیموکراتی گەلان لە باکور و ڕۆژهەڵاتی سوریا ئەنجام دەدات و ڕاپۆرتەکانی پێشکێشیی دەکات.

ئەرکەکانی دامەزراوەی گشتی چاودێری دارایی و ژمێریاری.

١- بەدواداچوون بۆ کارەکانی ئەنجومەن و دامودەزگاکانی بەڕێوەبەری خۆسەری دیموکراتی لە باکور و ڕۆژهەڵاتی سوریا لە ڕووی خەرجکردنی بودجە، و ڕادەی بەکارهێنانی بەشێوەیەکی یاسایی و دروست و شەفاف، بەگوێرەی ژیانی کۆمەڵایەتی و ئابوریی کۆمەڵگەیی.

٢- بەدواداچوون بۆ کارەکانی سیستمی باج و دارایی گشتی.

٣- بەدواداچوون بۆ هاوردە و هەناردەکردن و، تا چ ڕادەیەک بەشێوەیەکی کوالیتی و دروست، خەرج کراوە.

٤- بەدواداچوون بۆ کاری ئەو خەرجییە کە لەگەڵ گرێبەستی کۆمەڵایەتی و یاسا کارپێکراوەکاندا ناکۆکە.

**بەشی هەشتەم**

مادەی ١١٤

## سیستەمی دادپەروەری

سیستەمێکی، دادپەروەری کۆمەڵایەتییە، کە لەسەر بنەمای ئەخلاقی و سیاسی کۆمەڵگا دامەزراوە. ئامانجی بنیاتنانی کۆمەڵگایەکە کە ڕێباز و دیدگای دیموکراسی و ژینگە و ئازادی ژن وەک بناغە ببینێت و ژیانی کۆمەڵگاییەکەی وەک دەستپێکی خۆی وەربگرێت، مافەکانی تاک لەناو ژیانی کۆمەڵایەتیدا بەگوێرەی بناغەکانی گرێبەستی کۆمەڵایەتی دەپارێزێت ، و بنەما گشتگیرەکانی جیهانی بۆ دادپەروەری و مافی مرۆڤ وەک بنەمای خۆی وەردەگرێت. کێشەکانی پەیوەست بە دادپەروەری لە ڕێگەی دامەزراوەکانی خۆیەوە چارەسەر دەکات، کە دادپەروەری لە ڕێگەی بەشداریی خەڵک و ڕێکخستنی یەکە ناوخۆییەکانی پێکهاتوو بە شێوەیەکی دیموکراسی بەدەست دێت.

مادەی ١١٥

## بنەماکانی دادپەروەری

١- سیستمی دادپەروەری کۆمەڵایەتی بە پێی ڕێکخستنی کۆمەڵگە پێکدێت، کێشە کۆمەڵایەتییەکانی کۆمۆن و گوند و گەڕەک و شارۆچکە و شار و کانتۆنەکان و ناوچەکە بە پێی بنەمای ئەخلاقی و دادپەروەری کۆمەڵایەتی و ئاشتەوایی و هاوئاهەنگی وەک بنەما چارەسەر دەکات بۆ چارەسەرکردنی کێشەکان.

٢- ئەو کارانەی زیان بە تاک و ژیانی کۆمەڵایەتی و ژینگە دەگەیەنن بە تاوان دادەنرێت. لە ئەگەری ئەنجامدانی تاوانێک، لایەنە زیانلێکەوتووەکان دەرفەتیان بۆ دەرەخسێت کە بەرگری لە مافەکانیان بکەن، کۆمەڵگاش دەرفەتی هەڵسەنگاندنی بابەتەکە و ڕەخنە بۆ دەستبەردەکات و، پێشنیارەکانی بخاتەڕوو و، بەشداریکردن لە چوارچێوەی بڕیاردان و، ئەمەش بە یاسا ڕێکدەخرێت.

٣- ئامانج لە سزادانیاندا، هۆشیارکردنەوەی تاوانبارانە و دووبارە گێڕانەوەیانە بۆ بەشداری لە ژیانی کۆمەڵایەتی بە شێوەیەکی دورست.

٤- مافی گەلان و گروپ و توێژە کۆمەڵایەتییەکانە، خۆیان لە ڕێگەی لیژنەکانی ئاشتەواییەوە کێشەکانیان چارەسەر بکەن، بەمەرجێک ناکۆک نەبێت لەگەڵ گرێبەستی کۆمەڵایەتی.

٥- پرسەکانی پەیوەست بە بەرژەوەندی گشتی و ئاسایشی گشتی گەلان و گروپەکان، لە دامەزراوەکانی دادوەری کە نوێنەرایەتی تەواوی کۆمەڵگا دەکات، چارەسەر بکرێن.

٦- سیستەمی دادپەروەری، نوێنەرایەتی یەکسان و دادپەروەرانەی هەردوو ڕەگەز دەکات.

٧- ژنان ئەنجوومەنی دادپەروەری تایبەتیان هەیە کە کار لەسەر بڕیارەکانی تایبەت بەخۆیان دەکات.

مادەی ١١٦

## چۆنیەتی ڕێکخستن و کارکردنی پرەنسیپەکانی سیستەمی دادوەری

پێکدێت لە: لیژنەکانی ئاشتەوایی، ماڵەکانی ژنان، دادگای داد، ئەنجومەنی داد، ئەنجومەنی ژنان بۆ دادپەروەری کۆمەڵایەتی، ئەمانە دامەزراوەی چالاکن لە بەدیهێنانی دادپەروەری کۆمەڵایەتی و چەسپاندنی، و ئەندامەکانیان پەسەند دەکرێت بە پێشنیارکردنی ناوەکان لەلایەن ئەنجومەنەکانی دادوەرییەوە و هەروەها لەلایەن ئەنجومەنەکانی جەماوەریی لە گوند، شارۆچکە، شار وکانتۆنەکانەوە.

١- لیژنەکانی ئاشتەوایی: پایەی بنەڕەتی سیستمی دادپەروەری و ئاشتی کۆمەڵایەتی پێکدەهێنن، کار بۆ چارەسەرکردنی ناکۆکیەکان و یەکلاکردنەوەی ناکۆکیەکان و بەدیهێنانی ئاشتی و هاوسەنگی کۆمەڵایەتی دەکەن. لە هەموو شوێنێک و لە هەموو ئاستەکاندا بەپێی پێویست خۆی ڕێکدەخات لە ڕێگەی هەڵبژاردنی ڕاستەوخۆ یان سازانەوە و، لە کۆمۆنەکانەوە تا دەگاتە کانتۆنەکان و، ئەندامەکانی خۆبەخشی پەسەندکراوی کۆمەڵایەتین.

٢- دیوانەکانی داد: ئەوانە دەزگاکانی دادن (داواکاری گشتی، دەستەی داد، دەستەی تەمییز، و دەستەی جێبەجێکردن) کە خۆیان لە کانتۆنەکان و لە هەموو شوێنە پێویستەکاندا ڕێکدەخەن، بە ئامانجی نەهێشتنی کەیسەکانی نادادپەروەری بەرامبەر بە کۆمەڵگاکان و تاکەکان و ئەنجامدانی دادپەروەری. ئەندامەکانی لەسەر پێشنیاری ئەنجومەنی دادپەروەری کانتۆنەکان، و بە ڕەزامەندی ئەنجومەنی گەلی کانتۆنەکە هەڵدەبژێردرێن. بەپێی پێویست دیوانەکانی داد لە شارەکاندا پێکدەهێنرێت.

٣- ئەنجومەنی دادوەری لە کانتۆن: ڕێکخستن و سەرپەرشتی دامودەزگاکانی داد لە کانتۆنەکە دەکات. هاو سەرۆکەکان و ئەندامانی ئەنجومەنی دادپەروەری کانتۆنەکە لەلایەن دامەزراوە دادپەروەرییەکانی کانتۆنەکە هەڵدەبژێردرێن. هاوسەرۆکایەتی لەلایەن ئەنجومەنی گەلانی کانتۆنەکە پەسەند دەکرێت. نوێنەرایەتی دادپەروەرانە و دیموکراسیانەی گەلان و گروپەکان و توێژە کۆمەڵایەتییەکان مسۆگەر دەکات و، ئەمەش بە یاسا ڕێکدەخرێت.

٤- ئەنجومەنی دادپەروەری کۆمەڵایەتی بۆ هەرێمی باکور و ڕۆژهەڵاتی سوریا: بەرپرسیارە لە سەرپەرشتیکردن و چاودێریکردنی جێبەجێکردنی سیستمی داد. ڕاپۆرت و ڕەشنووسی یاساکانی پێشکەش بە مەجلیسی دیموکراتی گەلان دەکات. هەماهەنگی هاوبەش لە نێوان ئەنجومەنی دادوەری قەزاکان مسۆگەر دەکات. ئەندامەکانی لە نوێنەران پێکدێن کە لەلایەن ئەنجومەنی دادوەری قەزاکانەوە هەڵدەبژێردرێن.

مادەی ١١٧

## ئەنجومەنی دادپەروەری کۆمەڵایەتی بۆ ژنان

پێکدێت لە نوێنەرانی ماڵەکانی ژنان و نوێنەری لێژنەکانی ئاشتەوایی و دیوانەکانی داد و ئەندامە ژنەکانی ئەنجومەنی دادپەروەری کۆمەڵایەتی، بەرپرسیارە لە ڕێکخستن و سەرپەرشتیکردنی ئەنجومەنی دادپەروەری ژنان و ڕۆڵی پێشەنگایەتی دەگێڕێت لە چەسپاندن و پتەوکردنی دادپەروەری کۆمەڵایەتی.

١- ماڵی ژنان: دامەزراوەیەکی کۆمەڵایەتییە کە کار بۆ بڵاوکردنەوەی هۆشیاری دادپەروەری کۆمەڵایەتی و چارەسەرکردنی کێشەکانی پەیوەست بە ژنان و خێزان دەکات، لە هەموو لایەنەکانی ژیانەوە و لەسەر بنەمای ئاشتەوایی. بە هەماهەنگی لەگەڵ دامەزراوە پەیوەندیدارەکانی ژنان، تێکۆشان لە هەمبەر هەموو کارێکی نامرۆڤانە دەکات، کە دژی ژنان دەکرێت .

٢- ئەنجومەنی دادپەروەری کۆمەڵایەتی ژنان لە شار وکانتۆن: سەرپەرشتی کاری ژنان دەکات لەناو دەزگای دادپەروەری ژنان لە شار و کانتۆندا، بەدواداچوون بۆ دۆزەکانی پەیوەست بە ژنان دەکات، ژنان لە سیستەمی داددا ڕێکدەخات، کار بۆ مسۆگەرکردنی مافەکانی ژنان دەکات. پێکدێت لە نوێنەرانی دامەزراوەکانی ژنان کە پەیوەندییان بە دادپەروەرییەوە هەیە لە ڕێگەی هەڵبژاردنی دیموکراتیەوە. لە ئەنجومەنی ژنانی کانتۆندا نوێنەرایەتی خۆی دەکات.

٣- ئەنجومەنی دادپەروەری کۆمەڵایەتی ژنان لە باکور و ڕۆژهەڵاتی سوریا: پێکدێت لە نوێنەرانی ئەنجومەنی ژنان لە کانتۆنەکان، و ئەندامە ژنەکانی ئەنجومەنی دادپەروەری کۆمەڵایەتی لە باکور و ڕۆژهەڵاتی سوریا. ڕۆڵی هەماهەنگی لە نێوان ئەنجومەنەکانی دادپەروەری کۆمەڵایەتی ژنان دەگێڕیت، لە نێوان ئەنجومەنی دادپەروەری کۆمەڵایەتی ژنان و ئەنجومەنی دادپەروەری گشتی. هەروەها بە هەماهەنگی لەگەڵ ڕێکخراوەکانی ژنان کاردەکات. نوێنەرایەتی خۆی لە ئەنجومەنی دادپەروەری گشتی بۆ باکوور و ڕۆژهەڵاتی سوریا و لە ئەنجومەنی هەماهەنگی ژنان لە باکوور و ڕۆژهەڵاتی سوریا، دەکات.

**بەشی نۆیەم**

مادەی ١١٨

## کۆمسیۆنی باڵای هەڵبژاردنەکان

١- دامەزراوەیەکی سەربەخۆیە، لەلایەن ئەنجومەنی دیموکراتی گەلانەوە پێکدەهێنرێت و هەر ئەویش لێپرسینەوەی لەگەڵ دەکات. لە ژمارەیەکی پێویست لە ئەندامانی تایبەتمەند پێکدێت، و بەرپرسیارە لە پلاندانان و ڕێکخستن و بەڕێوەبردنی ڕیفراندۆمی جەماوەرییەکان، هەڵبژاردن بۆ ئەندامانی ئەنجومەنی دیموکراتی گەلانی هەرێمەکە، ئەنجومەنی گەلان لە کانتۆنەکان و هەموو هەڵبژاردنە یاساییەکان بە شێوەیەکی دیموکراسی. ئەمەش بە یاسا ڕێکدەخرێت.

٢- یەک لەسەر سێی ئەندامەکانی لەسەر پێشنیاری ئەنجومەنی دادپەروەری کۆمەڵایەتی لە هەرێمی باکور و ڕۆژهەڵاتی سوریا پێکدەهێنرێت و دوو لەسەر سێی تریش لەسەر پێشنیاری ئەنجومەنی دیموکراتی گەلان و بە بەشداری ئەنجومەنی کانتۆنەکان پێکدەهێنرێت ، بە لەبەرچاوگرتنی نوێنەرایەتی دادپەروەرانەی پێکهاتە و توێژە کۆمەڵایەتییەکان، و بە ڕەزامەندی دوو لەسەر سێی ئەندامانی ئەنجومەنی دیموکراتی گەلانی هەرێم پەسەند دەکرێن، و ئەگەر تەواو نەبوو ڕێژەی یاسایی: دەنگدان ٥٠ + ١، پەنجا لەگەڵ یەک پەسەند دەکرێت. لە ئەگەری پەسەندنەکردندا، دامەزراوەکان خۆیان ناوی دیکە پێشنیار دەکەن بۆ پەسەندکردن.

٣- کۆمسیۆنی باڵای هەڵبژاردنەکان بڕیار لەسەر کەیسەکانی تانەدان و نارەزایی لە هەڵبژاردنەکان دەدات، بڕیارەکانیشی جێگای تانەدان نین.

٤- دەتوانێت ئەندامەکانی وەک چاودێر بنێرێت بۆ کۆنفرانسی پارتە سیاسییەکان و دامەزراوە مەدەنیە فەرمییەکان لە ئیدارەی خۆبەڕێوەبەرێتی.

**بەشی دەیەم**

مادەی ١١٩

## دادگای پاراستنی گرێبەستی کۆمەڵایەتی

دادگای پاراستنی گرێبەستی کۆمەڵایەتی پێکدێت لە ژمارەیەک دادوەر، ئەوانەی شارەزای یاسایین و مافناسەکان کە ناوەکانیان بە یەکسانی لەلایەن هەردوو ئەنجوومەنی دادپەروەری کۆمەڵایەتی و ئەنجومەنی گەلان لە باکوور و ڕۆژهەڵاتی سوریا پێشنیار کراوە، پێویستە ئەو دوو ئەنجومەنە، لەکاتی پێشنیارکردن بۆ ئەندامانی دادگای پاراستنی گرێبەستی کۆمەڵایەتی، نوێنەرایەتی هەموو پێکهاتە نەتەوەیی و ئایینییەکان، نوێنەرایەتی کانتۆنەکان، و ژنان، ڕەچاوی بکەن. بڕیارەکانی دادگای پاراستنی گرێبەستی کۆمەڵایەتی ئەنجام دەدرێت، ژمارەیان دیاری دەکرێت، و شێوازەکە هەڵبژاردنیان و کاری دادگاکە بە یاسایەک ڕێکدەخرێت، کە بە زۆرینەی دوو لەسەر سێی ئەندامانی ئەنجومەنی دیموکراتی گەلان دەردەچێت. پەسەندکردنی ناوە پێشنیار کراوەکان پەیوەستە بە دوو لەسەر سێی ئەندامانی ئەنجومەنی دیموکراتی گەلانەوە.

## ئەرکەکانی دادگای پاراستنی گرێبەستی کۆمەڵایەتی

١- لێکدانەوەی دەقەکانی گرێبەستی کۆمەڵایەتی.

٢- ڕەچاوکردنی ئەوەی کە ئایا ئەو یاسایانەی کە لەلایەن ئەنجومەنی گەلەوە دەردەچن، ئەو بڕیارانەی ئەنجومەنی جێبەجێکردن دەردەچن، و یاسا و بڕیارەکانی ئەنجومەنی کانتۆنەکان ناکۆک نین لەگەڵ گرێبەستی کۆمەڵایەتیدا لە ئەگەری بوونی ناڕەزایەتی لە بەرامبەریاندا.

٣- چارەسەرکردنی ناکۆکییەکانی پەیوەست بە جێبەجێکردنی ئەم گرێبەستە لە نێوان ئەنجومەنی دیموکراتی گەلان و ئەنجومەنی جێبەجێکردن و ئەنجومەنی کانتۆنەکان و ئەنجومەنی دادپەروەری.

٤- چارەسەرکردنی ناکۆکییەکانی نێوان ئەنجومەنی ڕاپەڕاندنی یا جێبەجێکاری بەڕێوەبەری خۆسەری دیموکراتی باکور و ڕۆژهەڵاتی سوریا، یان لەنێوان ئەنجومەنی کانتۆنەکان، یان لەنێوان ئەنجومەنی جێبەجێکردنی کانتۆنەکان، یان لەنێوان ئەنجومەنی دیموکراتی گەلان و ئەنجومەنەکانی تردا.

٥- خەڵک و دامەزراوەکان مافی خۆیانە ناڕەزایەتی دەربڕن بەرامبەر بە بڕیارێک یان یاسایەک کە بە ناکۆکی دەزانن لەگەڵ گرێبەستی کۆمەڵایەتیدا و، ئەگەر ئەو دادگایەی کە لێکۆڵینەوە لە ناڕەزایەتیەکە دەکات بە جیددی و پێویستی زانی بۆ بڕیاردان لەسەر تانەدان، ئەوا کار لەسەر کەیسەکە ڕادەگرێت و، ناڕەزایەتییەکە دەخاتە بەردەم دادگای پاراستنی گرێبەستی کۆمەڵایەتی.

٦- تاک و گروپ و گروپی ڕێکخراو و لایەن و دامەزراوەکان مافی خۆیانە تانە پێشکەشی دادگای پاراستنی گرێبەستی کۆمەڵایەتی بکەن و ئەمەش بە یاسا ڕێکدەخرێت.

٧- پەسەندکردنی ئەنجامی هەڵبژاردن و ڕیفراندۆمی گشتی بەپێی بنەماکانی گرێبەستی کۆمەڵایەتی.

# دەروازەی چوارەم

## بڕگە گشتییەکان

مادەی ١٢٠

شێوازی پەیوەندی لە کۆماری سوریای دیموکراتیک لە نێوان بەڕێوەبەری خۆسەری دیموکراتی باکور و ڕۆژهەڵاتی سوریا لەگەڵ ناوەند و ناوچەکانی تر لە هەموو ئاستەکاندا بەپێی دەستورێکی دیموکراسی تەوافقی دیاری دەکرێت.

مادەی ١٢١

هەموو ئیدارە هەڵبژێردراوەکان کەوتوونەتە ژێر چاودێری ئەو لایەنانەی کە هەڵیانبژاردوون.

مادەی ١٢٢

دەزگاکانی دەنگدەر مافی ئەوەیان هەیە لە کاتی پێویستدا متمانە لە نوێنەرەکانیان وەربگرنەوە و ئەمەش بە یاسا ڕێکدەخرێت.

مادەی ١٢٣

سیستەمی ڕیفراندۆم لەسەر هەموو پرسە چارەنووسسازەکان پەسەند دەکرێت کە پەیوەندییان بە بەرژەوەندییە گشتییەکانی کۆمەڵگاوە هەیە لە گەڕەک، شارۆچکە، شار، کانتۆن و بەڕێوەبەری خۆسەری دیموکراتی. ئەمەش بە یاسا ڕێکدەخرێت.

مادەی ١٢٤

پێکهاتە ناوخۆییەکان مافی خۆیانە ناڕەزایەتی دەربڕن بەرامبەر بە بڕیارەکانی دەزگا حکومییەکان کە لەگەڵ بەرژەوەندییەکانیان ناکۆکە و لەگەڵ ئیرادە و بڕیارەکانیاندا ناگونجێت، ئەگەر ناڕەزایەتییەکە بە کۆدەنگی یەکلایی نەکرایەوە، دەخرێتە بەردەم پێکهاتەی پەیوەندیدار و ئەنجامەکەی پەسەند دەکرێت.

مادەی ١٢٥

شارۆچکە و شار و کانتۆن بۆی هەیە ڕیفراندۆم ئەنجام بدات ئەگەر ئەو بڕیارانە قبوڵ نەکات کە کاریگەرییان لەسەرە، ئەنجامی ڕیفراندۆمەکە بە بنەڕەتی وەردەگیرێت.

مادەی ١٢٦

لە ئەگەری دژایەتیکردنی بڕیارەکانی کانتۆنەکان یان پێکهاتە ناوخۆییەکان لەگەڵ بەرژەوەندی گشتی یان پێچەوانەی گرێبەستی کۆمەڵایەتی بوو، دادگای پاراستنی گرێبەستی کۆمەڵایەتی مافی خۆیەتی بڕیاریان لەسەر بدات.

مادەی ١٢٧

ڕێگە بە وەبەرهێنانی تایبەتی نا قۆرخکاری دەدرێت کە زیان بە ئابووری کۆمەڵگەی ژینگەیی ناگەیەنێت. ئەمەش بە یاسا ڕێکدەخرێت.

مادەی ١٢٨

تەمەنی دەنگدەر و کاندید بۆ سەرجەم دامودەزگا و ئەنجومەنەکانی خۆبەڕێوەبردنی دیموکراسی لە هەژدە ساڵ کەمتر نەبێت و مەرجەکانی کاندیدبوون و هەڵبژاردن بەپێی یاسایەکی تایبەت دیاری دەکرێت.

مادەی ١٢٩

بەڕێوەبەری خۆسەری دیموکراتیک پابەندە، دوای ئازادکردنی دەڤەرەداگیرکراوەکان، بە لابردنی هەموو شوێنەواری گۆڕانی دیمۆگرافی و گەڕاندنەوەی بۆ ئەوەی کە  پێشتر هەبوون.

مادەی ١٣٠

ئەنجوومەنەکانی گەل بەپێی هەلومەرجی نائاسایی باری ئاوارتە ڕادەگەیەنێت.

مادەی ١٣١

دەسەڵاتەکانی ئەنجومەنی جێبەجێکردن بە وردی بەپێی بنەماکانی کۆنفیدڕاڵی دیموکراتیک دیاری دەکرێن، بۆ ئەوەی ئیرادەی خەڵک لە کۆمۆن و شارۆچکە و شار و کانتۆندا بەدەر نەکەن و ئەمەش بە یاسا ڕێکدەخرێت.

مادەی ١٣٢

هەموارکردنەوەی بنەما سەرەکییەکانی گرێبەستەکە، پێویستی بە ڕەزامەندی ئەنجومەنی گەلان لە کانتۆنەکان و ئەنجومەنی دیموکراتی گەلانی باکوور و ڕۆژهەڵاتی سوریا بە ڕەزامەندی ٣/٤ سێ لەسەر چواری ئەندامانی ئەنجومەنی دیموکراتی گەلانی باکوور و ڕۆژهەڵاتی سوریا هەیە . لە کاتێکدا دەتوانرێت بڕگەکانی دیکەی گرێبەستی کۆمەڵایەتی بە ڕەزامەندی ئەنجومەنی کانتۆنەکان و بە ڕەزامەندی ٢/٣ی دوو لەسەر سێی ئەندامانی ئەنجومەنی دیموکراتی گەلان لە باکوور و ڕۆژهەڵاتی سوریا هەموار بکرێتەوە.

مادەی ١٣٣

گرێبەستەکە ئەگەر لە سوریا ڕێککەوتن لەسەر دەستورێکی دیموکراسی بکرێت، دەکرێت هەموار بکرێتەوە.

مادەی ١٣٤

ئەم گرێبەستە لە ڕۆژی پەسەندکردنی لەلایەن ئەنجومەنی گشتی بەڕێوەبەری خۆسەری دیموکراتی باکور و ڕۆژهەڵاتی سوریاوە کاری پێدەکرێت.

**سێ شەمە**

**١٢-١٢-٢٠٢٣ی زایینی**